# شیکاری پاراستن و ڕەگەزی خێرایی یەکتربڕ

## لە قەزای کۆیە و قەڵادزێ لە هەرێمی کوردستان - عێراق

وەرزی پاییزی ٢٠٢١

نووسەران : ئوسامە زوهێر، محمد عثمان و دیدەن عبدالرحمن

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پاڵپشتی بەخشندەیی خەڵکی ئەمەریکا لە ڕێگەی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی **(USAID)** دەکرێت. ناوەڕۆکەکان بەرپرسیارییەتی **SFCG**، **ABAAD**، **IREX**، وە مەرج نییە گوزارشت لە بۆچوونەکانی **(USAID)** یان حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات.

پاڵپشتی دارایی بۆ ئەم توێژینەوەیە لە ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هاتووە بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی **(USAID)**

IREX

SEARCH FOR COMMON GROUND

# پێڕست


پێڕست 3
پوختەیەکی خێرا 6
سەرچاوەی زانیاری 6
دۆزینەوە گرینگەکان 7
پێشەکی 9
شیکاری خێرای ڕەگەز و پاراستنی خێرا نێوان کەرتەکان چییە؟ 10
ڕەگەز چییە؟ 10
توێژینەوە 11
ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا 11
دەربارەی بەشداربوان لە ڕاپرسی "شیکاری پاراستن و ڕەگەزی خێرایی یەکتربڕ" 11
ژمارە و زانیاری ئەو کەسانەی لە قەڵادزێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە: 13
ژمارە و زانیاری ئەو کەسانەی لە کۆیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە: 13
توێژینەوەی لاوەکی قەڵادزێ 14
توێژینەوەی لاوەکی کۆیە 16
زانیاری بنچینەیی 19
یاساکان و سیاسەتەکان و نەریتەکان و جێبەجێکارییەکانی دامەزراوەیی 19
٢. زانیاری دیمۆگرافی 20
کۆیە 20
قەڵادزێ 20
دەسکەوت و دەرەنجامەکان 21
قەڵاتدزێ 21
کۆیە 21
ئەنجامی شیکارەکان 22
چالاک کردنی ژینگە 22
شیکاری ململانێ: جیاکەرەوە و کۆکەرەوەکان لە قەڵادزێ 22
شیکاری ململانێ: جیاکەرەوە و کۆکەرەوەکان لە کۆیە 23
خزمەتگوزاریە بەردەستەکان لە قەڵادزێ 25

خزمەتگوزاریە  بەردەستەکان لە کۆیە 26
ڕۆڵی جێندەر و بەرپرسیاریەتییەکان و بەکارهێنانی کات 27
ڕۆڵگێڕان و ئاژانس 28
تواناکان و سەرمایەکان و سەرچاوەکان 28
پاراستن 29
مەترسیە لە بەرچاوگیراوەکان بۆ کۆیە و قەڵاتدزێ 29
شیکاری مەترسیەکان بۆ کۆیە و قەڵاتدزێ 32
دەرەنجام **Error! Bookmark not defined.**
چالاکیە پێشنیار کراوەکان 35
سەرچاوەکان: 37
پاشکۆی یەکەم: 39
پاشکۆی دووەم: 40

# لیستی کورتکراوەکان

**ICON** Issue-based Collaborative Networks

**IR** Implementation Research

**IREX** International Research and Exchanges Board

**IRGPA** Intersectional Rapid Gender and Protection Analysis

**MHPSS** Mental Health and Psycho-Social Support

**PYD** Positive Youth Development

**SFCG** Search For Common Ground

**UNIDO** the United Nations Industrial Development Organization

**USAID** the United States Agency for International Development

# شیکاری پاراستن و ڕەگەزی خێرایی یەکتربڕ

| | |
|---|---|
| لە کوێ ئەم IRGPA ئەنجام دراوە؟ | ناوەندی قەزای کۆیە ( سەر بە پارێزگای هەولێر)، ناوەندی قەزای قەڵادزێ ( سەر بە پارێزگای سلێمانی) لە هەرێمی کوردستانی - عێراق |
| ژمارەی IRGPA | یەکەم. |
| کێ جێبەجێکاری ئەم IRGPAیە؟ | ڕێکخراوی "Search For Common Ground"<br>❖ ئوسامە زوهێر<br>❖ دیدەن عبدالرحمن<br>❖ محمد عثمان |
| ئەم IRGPA هەڵدەستێت بە: | گەشەپێدانی گەنجان: ئایکۆن: دەست نیشان کردنی کێشە و گیر و گرفتەکانی پەیوەست بە بواری ڕەگەز و ڕێکارەکانی پاراستنیان لە کۆیە و قەڵادزێ |
| کەی ئەم IRGPA ئەنجامدرا؟ | بەرواری دەستپێک (٢١/٨/٢٠٢١) تاکو ((٢٢/١١/٢٠٢١ |

## پوختەیەکی خێرا

لەم بەرنامەی توێژینەوەیەدا دەرفەت دراوە بە گەنجان و دانیشتوانی کۆیە و قەڵادزێ کە توێژینەوەیەکی کۆکردنەوەی زانیاریان بۆ ئەنجام بدرێت لە بواری گەنج و کێشە و گیر و گرفتەکانی پەیوست بە بواری ڕەگەز و ڕێکارەکانی پاراستنیان، ئەمەش بە مەبەستی ئەنجامدانی زنجیرە توێژینەوەیێکی فراوانتر لە لایەن کۆمەڵە گەنجێکی ترەوە. ئەم زانیاری و داتایانە یارمەتی توێژەرە گەنجەکان دەدات لە دەستنیشان کردنی مەترسی و گیر و گرفتەکانیان ،هاوکات پوختە کردن و خستنەڕووی دۆخی گەنجان و ڕەگەزە بە مەبەستی دەست نیشان کردنی گرفتەکانیان کە بریتین لە بێ کاری، کەمی سەرچاوەکان، ماددە هۆشبەرەکان و ئالودەبوون پێیانەوە، هەروەها جیاکاریە ڕەگەزیەکان بۆ ڕەگەزی و نێر و مێ و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتووی تاکەکان بە پێی ڕەگەزەکانیان کە ئەمانە لە گرفتە دیارەکانی هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێن.

## سەرچاوەی زانیاری

لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکانمان بریتین لە خەڵک و دانیشتوانی هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێ چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ لەناو بارودۆخ و ژینگەی ناوچەکەدا دەژین ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان ڕاست و دروستربێت.

## دۆزینەوە گرینگەکان

- سەرەکیترین مەترسیەکانی ڕووبەڕووی گەنجان دەبێتەوە لە کۆیە و قەڵادزێ بریتین لە بێکاری، کۆچ کردنی نایاسای، ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و هاوکات جیاوازی چینایەتی لەسەر بنەمای سەرمایەداری، یەکێکی ترە لە گرفتەکان بۆ سەرجەم گەنجان بی جیاوازی ڕەگەزی.

- لەو نێوەندەدا ئەوەی مەترسیەکانی سەر ژنان زیاد دەکات بریتیە لە مەترسی شەرەف، وە ئەو توندوتیژیەی ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە زۆرینەی لەسەر بنەمای مێینە بوون و پاراستنی شەڕەفی خێزانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە داکوتانی ئەو عادەت و کلتوورە باوەی لەناو کۆمەڵگادا هەیە کە ژن بە لاواز دەبیندرێت و وەک هێمای شەرەف دەبێت بپارێزرێت چونکە ئەو خۆی لاوازە و ناتوانێت خۆی بپارێزێت.

- قۆرخ کردنی دەرفەت و هەلی خۆشگوزەرانی لە لایەن کەسانی سیاسی و بڕیار بەدەست، لە کاتی هەبوونی دەرفەتێکدا بڕیاربەدەستان بیر لە قۆستنەوەی دەرفەتەکە دەکەنەوە بۆ کەسێکی نزیکی خۆیان نەک بەخشینی بە کەسێکی شایستە. هەروەها گەر خۆت بتەوێت کارێک یاخود پرۆژەیەک بکەیت ئەوا کەسانی بڕیار بەدەست و خاوەن هێز داوای قازانجی پرۆژەکەت لێدەکەن لە ئەگەری ڕازی نەبوونیش ئەوا بێگومان پرۆژەکەت شکست پێ دەهێنن.

- کۆچ کردن و لێکەوتەکانی بۆ سەر ناهەوسەنگی ڕەگەزی مەترسیەکی پشتگوێ خراوە چونکە بەهۆی بێکاری و نەبوونی خۆشگوزەرانی کوڕان بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن بەڵام کچان بەهۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە ناتوانن کۆچ بکەن هەربۆیە بە قەیرەیی دەمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی داتەپینی کۆمەڵگا و هێزی و برەوی گەنج بەرە بەرە کەم دەبێتەوە.

- سەرەکیترین کێشەکان کە ڕوبەڕووی گەنجانی کۆیە بوبویەوە کەمی هەبوونی هەلی کاربوو، کە مەترسی خستبووە سەر ژیانی زۆربەی گەنجان و کەمێک ڕەشبینی کردبوون، وە ببووە هۆی ئەوەی گەنجان زۆربەی کاتەکانی خۆیان لە کافتریاکان بەسەرببەن بە شێوازێکی نا تەندرووست چونکە باوەڕیان بە پێشکەوتن و چاکسازی لایەنی دەسەڵات نەمابوو.

- ململانێی سیاسی لە نێوان دوو لایەنی جیاواز بە هۆکاری سەرەکی پشتگوێ خستنی کۆیە و قەڵادزێ دادەندرێت لە ڕووی خزمەتگوزاری گشتیەوە وەک جادە، پارک، بازار، عەلوەی میوە، خزمەتگوزاری پزیشکی دەروونی و جەستەیی..

- لە کۆیی هەموو چاوپێکەوتنەکانمان، هەموویان بۆنە ئاینیەکان و بۆنە کۆمەڵایەتیەکانیان بە خاڵێکی کۆکەرەوە دەستنیشان کردوو و زۆربەیان ململانێی ناتەندرووستی لایەنە سیاسیەکانیان بە خاڵی جیاکەرەوە لەناو کۆمەڵگەکەدا دەستنیشان کرد.

- سەبارەت بە پاراستنی لایەنی جەستەیی، سەنتەری دژ بە توندوتیژی ژنان (خێزان) هەیە لە کۆیە بەڵام ڕێژەیەکی کەمی خەڵک لێی ئاگادارن و دەچن، وە دادگاش هەیە بەڵام ڕۆتیناتێکی زۆری دەوێت، هەندێک جار خەڵک بۆ پاراستنی کەسایەتی و ناوی خۆیی ناچێت بۆ لای لایەنی پەیوەندیدار و سکاڵا ناکەن، هەتاوەکوو کێشەکەی لەسەر گەورەتر نەبێت.

- بەپێی چاوپێکەوتنەکانمان، بۆمان دەرکەوت کە بەخێوکەری سەرەکی خێزان پیاوە، جگە لەو خێزانانەی پیاوەکەیان لەدەست داوە. ژنیش یارمەتیدەرە لە بەخێوکردنی خێزان، وە ڕۆڵی سەرەکی ژنان پەروەردەکردنی منداڵە. لە کۆیە، ژن دەتوانێت کاری خۆی بکات بەڵام پارەکە بۆخۆی دەبێت نەک بۆ ماڵ و منداڵەکەی، چونکە لە ئاینی زۆرینەی خەڵکەکە (ئیسلام) دابینکردنی بژێوی ژیان لەسەر پیاوە نەک ژن.

- یەکێک لە ئامرازە سەرەکیەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە قەزای کۆیە وتاری هەینییە، وتاربێژەکان خەڵکەکە ئاگادار دەکەنەوە لە بوارەکانی پاراستن و مەترسیەکانی نێو کۆمەڵگە، وە هەندێک ماڵپەری فەیسبووک هەیە بۆ ڕێنمایی، وە پێشتر لە کەناڵەکانیش لایەنی دەروونی و پاراستنی کەسەکان لە دەستدرێژی سێکسی پێشکەش دەکرا بەڵام لە ئێستادا کەم بۆتەوە و نزیکە لە نەبوون.

- وە دەربارەی توندوتیژی دەروونی، ڕێژەکەی زۆرە بەتایبەت لەلایەن خاوەنکار، خێزان وە کۆمەڵگەشەوە. وە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی کچانیش ئاماژەی بە بوونی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی کرد لەلایەن کورانەوە بۆ کچانی قوتابخانەکەی، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە بۆ زانینی ڕێژە و چەندێتی و چۆنیەتیەکەی.

## پێشەکی

لەم بەرنامەی توێژینەوەیەدا دەرفەت دراوە بە گەنجان و دانیشتوانی کۆیە و قەڵادزێ کە توێژینەوەیەکی کۆکردنەوەی زانیاریان بۆ ئەنجام بدرێت لە بواری گەنج و کێشە و گیر و گرفتەکانی پەیوەست بە بواری ڕەگەز و ڕێکارەکانی پاراستنیان، ئەمەش بە مەبەستی ئەنجامدانی زنجیرە توێژینەوەیەکی فراوانتر لە لایەن کۆمەڵە گەنجێکی ترەوە. ئەم توێژینەوەیە ماوەی دوو مانگی خایاند تا گەشت بەم دەرەنجامانە کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە پێنج بواری سەرەکی لەخۆ دەگرت ئەوانیش ( چالاککردنی ژینگە، ڕۆڵەکانی ڕەگەز و بەرپرسیاریەتییەکان و بەکارهێنانی کات، بەخشین و وزە، تواناکان و سامان و سەرچاوەکان، پاراستن و مەترسیەکان)  ئەم زانیاری و داتایانەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەم پێنج بوارەدا بەدەست هاتوون، یارمەتی توێژەرە گەنجەکان دەدات لە دەستنیشان کردنی مەترسی و گیر و گرفتەکانیان ،هاوکات پوختە کردن و خستنەڕووی دۆخی گەنجان و ڕەگەزە بە مەبەستی دەست نیشان کردنی گرفتەکانیان کە بریتین لە بێ کاری، کەمی سەرچاوەکان، ماددە هۆشبەرەکان و ئاڵودەبوون پێیانەوە، هەروەها جیاکاریە ڕەگەزیەکان بۆ ڕەگەزی و نێر و مێ و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتووی تاکەکان بە پێی ڕەگەزەکانیان کە ئەمانە لە گرفتە دیارەکانی هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێن.

## بەرنامەی گەنجانی لێهاتوو

بەرنامەیەکی جیهانییە لەلایەن ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) بووجەی بۆ دابین دەکرێت، ماوەکەی پێنج ساڵە. بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە گەنجان و ڕێکخراوەکانی گەنجان دەتوانن توێژینەوە جێبەجێکراوی (IR) بەکاربهێنن بۆ بەهێزکردنی چارەسەریی گەشەپێدان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و جیهانی. بەرنامەی گەشەپێدانی گەنجان پاڵپشتی لە سەرکردەی گەنج و ئەو ڕێکخراوانە دەکات کە گەنجان ڕابەرایەتی دەکەن یاخود خزمەت بە گەنجان دەکەن لە سەرانسەری جیهاندا بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەی جێبەجێکردنی ئاست بەرز؛ بەکارهێنانی داتا و فێربوون بۆ باشترکردنی ئەو کەرتانە کە تایبەتن بە گەنجان و بەرنامە ئەرێنییەکانی گەشەپێدانی گەنجان(PYD)؛ ئامادەکردنی داتا و فێربوون؛ و بەشداریکردن لە گفتوگۆی نێوان نەوەکان و داڕێژەرانی یاسا ئەوانەی بەتەمەنن، بۆ ئەوەی گەنجان و بەتەمەنەکان بتوانن پێکەوە سیاسەتی پێشکەوتوو و خشتەی کار و بەرنامەکان داڕێژن و گەشەی پێ بدەن.

## گەڕان بەدوای بنەما هاوبەشەکان

گەڕان بەدوای بنەما هاوبەشەکان گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ناحکومییە لە بواری ئاشتی بنیاتنانەوە کاردەکات بۆ گۆڕینی چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگاکان لەگەڵ ململانێدا. لەگەڵ زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەزموونی بنیادنانی ئاشتی لە ٤٣ ئۆفیس لە سەرتاسەری جیهاندا،.گەڕان بەدوای بنەما هاوبەشەکان هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی ئاشتییەکی بەردەوام بۆ نەوەی داهاتوو، ئامرازەکانی پێویستە بۆ کارکردن بەیەکەوە و دۆزینەوەی چارەسەرە بنیاتنەرەکان دابین دەکات. ڕێبازی بنەما هاوبەشەکان ئەو مێتۆدەلۆجییە سەرەکیەیە کەگەڕان بەدوای بنەما هاوبەشەکان بە کاری دەهێنێت، هەروەها گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە ماوەی چوار دەیەی پێشوو. گەوهەری ڕێبازەکە ئەوەیە کە خەڵک کۆ بکاتەوە لە نێوان تێگەیشتن لە پێویستیەکان لە ژێر پێناسەی ڕووکەشدا، ناسینەوەی کێشە هاوبەشەکان و چارەسەرکردنیان.

## شیکاری خێرای ڕەگەز و پاراستنی خێرا نێوان کەرتەکان چییە؟

شیکاری خێرای هەمەلایەنە بۆ کاروباری ڕەگەز و پاراستن (IRGPA) بە شیکاری خێرای کلاسیکی ڕەگەز و پاراستنی چەمکە شیکارەکان لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییی و گەشەپێدەرەکان جێبەجێ دەکرێن لە سەرانسەری جیهان. (IRGPA) و شیکارەکانی پاراستن بریتین لەو ئامرازانەی کە وەڵامدەرە مرۆییەکان و توێژەر و لایەنە کاریگەرەکان و ئەوانی تریش بەکاری دەهێنن بەزۆری لە پێش یان لەکاتی یان لەدوای بارێکی لەناکاودا (یان بەشێوەیەکی گشتگیر) لەکاتی بەرنامەکە بۆ دیاری کردنی پێداویستی و تواناکانی پیاوان و ژنان و کوڕان و کچان و ئەو کەسانەی کە هاوتەریب نین بە ڕەگەز هەروەها مەترسییەکان و تواناکان و هاوڵاتییە لاوازەکان بەرنامەکە لەخۆیان دەگرێت کە وەڵامی بۆ ئەو ڕووداوانە دەبێت. لەرێی توێژینەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو گروپانەی کە خاوەن ناسنامەی جیاواز و هاوبەشن، دەتوانین باشتر تێبگەین لەوەی کە چۆن ژینگە و ئاژانس و سەرمایەکانیان پەیوەندیان بە یەکتر هەیە و کار دەکانە سەر پێداویستیی و توانا کانی ڕێکخراوەکانی ڕابەرایەتی/ خزمەتکردنی گەنجان بۆ چارەسەر کردنیان.

## ڕەگەز چییە؟


ئێمە وا تێگەیشتووین کە ڕەگەز جیاوازییەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاوە، کچ و کوڕە، و نێوان پێگەیشتووەکان و منداڵەکانە. لەوانەیە ئەم جیاوازییانە ئەرك و بەرپرسیاریەتی و مافەکان و سایشتەکان و خاسیەتەکان و پابەندییەکان و دینامیکی دەسەڵات بگرێتەوە لە بواری هەمەجۆردا (ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی) پەیوەندیدار بە سێکس و چالاکی سێکسی. لەوانەیە لەنێو کەلتورەکاندا پێناسەی کۆمەڵایەتی مانای جۆراوجۆر بە ڕەگەزێکی دیاریکراو بدات و بە تێپەرینی کات گۆڕانی بەسەر دابێت. ڕەگەز هەروەها پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تاك و ناسنامەکان پێك دەهێنێت، هەروەها جیهانێکی فراوانترە کە تێیدا ئێمە ژیانمان بەرێ دەکەین و بە ناسنامەکان دەژین. ڕەگەز پۆلێن دەکات، دیاری دەکات، هێما دەکات کە کێ دەسەڵاتی هەیە لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی هەرەمی.


# توێژینەوە


## ڕێگاکانی کۆ کردنەوەی داتا


لەکاتی گەڕان بەدوای کۆکردنەوەی داتا و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداربووواندا، لەم تیوێژینەوەیەدا دوو ڕێگای سەرەکی بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی هەریەکە لە داتای چەندێتی و چۆنێتی. ئەوانیش لەڕێگای چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسە ئەزموونداڕەکان. کە لە هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێ چاوپێکەوتن لەگەڵ (٥) کەسی لایەنی پەیوەندیدار کراوە بە کۆی هەردوو قەزا (١٠) کەس وەرگیراون، هەڵبژاردنی ئەم کەسانە لەسەر بنەمای ئەوەبووە کە هاوڵاتی قەڵادزێ یا کۆیە بن و خاوەن پیشەیەکی دیاری کراوبن، و هاوکات زانیارییان دەربارەی کۆمەڵگاکە هەبێت. بەم جۆرە توانیمان لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە داتایەکی سەرەتایی لەجۆری چۆنێتی بەدەست بێنین. هەروەها فۆرمی ڕاپرسی ئۆنلاین بڵاوکرایەوە بە هەردوو قەزاکەدا، کە تیایدا (٤٠) کەس هەستان بە پڕکردنەوەی ڕاپرسیەکە. بەشداربوان وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە توێژینەوەکەیان دەدایەوە کە پێک هاتبوو لە (٢٨) پرسیار. ئەمەش بنچینەی داتای چەندێتیە لەم توێژینەوەیەدا. هاوڵاتیانی ئەم ڕاپرسیە لەسەر بنەمای نیشتە جێبوونیان لە کۆیە و قەڵادزێ وەرگیراون بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.


### دەربارەی بەشداربوان لە ڕاپرسی "شیکاری پاراستن و ڕەگەزی خێرایی یەکتربڕ"





ڕەگەز
مێ
37.5%
نێر
62.5%


نیشتەجێبوون
قەڵادزێ
32.5%
کۆیە
67.5%


ئاستی خوێندن
بڕوانامەی بەکەلۆریەس 90%
بڕوانامەی دبلۆم 5%
بێ هیچ بڕوانامەیەک 2.5%
بڕوانامەی دکتۆرا 2.5%


تەمەن
٢٤-٢٩
27.5%
١٨-٢٣
60.0%
٣٠-٣٩
12.5%


پیشە
کاسب/کاریسەربەخۆ 22.5%
فەرمانبەری حکومی 10%
بێکار 5%
قوتابی 62.5%

## ژمارە و زانیاری ئەو کەسانەی لە قەڵادزێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە:

| چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەرە سەرەکییەکان | ژمارەی چاوپێکەوتووان | داتای پۆلێنکراوی چاوپێکەوتووان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژن | پیاو | گەنج |
| ڕێکخراوەکانی | ١ | | ١ | ١ |
| دامەزراوە حکومییەکان | ١ | | ١ | ١ |
| ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی | ١ | ١ | | ١ |
| کەسانی ئەکادیمی | ٢ | ١ | ١ | |

## ژمارە و زانیاری ئەو کەسانەی لە کۆیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە:

| چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەرە سەرەکییەکان | ژمارەی چاوپێکەوتووان | داتای پۆلێنکراوی چاوپێکەوتووان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژن | پیاو | گەنج |
| ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی | ١ | | ١ | |
| دامەزراوە حکومییەکان | ١ | | ١ | ١ |
| دامەزراوە سەربەخۆکان | ٢ | ٢ | | |
| کەسانی ئەکادیمی | ١ | | ١ | ١ |

## تویژینەوەی لاوەکی قەڵادزێ

ئەم بەرنامەی توێژینەوەیە دەرفەتێکی فراوانی کار کردنی ڕەخساند لە بواری گەنج و کێشە و گیر و گرفتەکانی پەیوەست بە بواری ڕەگەزی. کە تیایدا دەست نیشانی مەترسی و گیر و گرفتەکانیان دەکرێ، کە بریتین لە بێ کاری، کەمی سەرچاوەکان، ماددە هۆشبەرەکان و ئالودەبوون پێیانەوە، جیاکاری ڕەگەزی، ناهاوسەنگی ڕەگەزی..هتد

لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو گیر و گرفتانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە ماوەیەکی دیکە ناتوانین بڵێین کوردستان کۆمەڵگایەکی گەنجە و هێزی کار و هێزی بەرگریی و هێزی ئاوەدانی و بنیاتنان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا. چونکە بەهۆی ناڵەباری بارودۆخی گەنجان ڕۆژ بە ڕۆژ کۆچی گەنجان بەردەوامە بەجۆرێک ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ١٤ هەزار و ٥٠٠ گەنج سەریان هەڵگرتووە و رووەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە و ٢٧ کەسیش بێ سەروشوێنن[1]. جگە لەوە هەندێک ئاماری دیکەشمان لەبەردەستە کە نزیکەی ٣ هەزار کورد هەرێمەکەیان جێهێشتوە لە سێ مانگی ڕابردوو بۆ گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر[2] .

لێشاوی کۆچ قەزای پشدەریشی گرتۆتەوە و گەنجان بەجۆرێک لە سیستەم و گوزەرانی ژیانیان نائومێد و نیگەرانن کە گەنجێک دەڵێت، "ئەگەر بشمرین با لە کوردستان نەمرین، گەنج لەدەست زوڵمی دەسەڵات هەڵدێت و خۆشم یەکێکم لەوانەی بەنیازم کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات بکەم."

برای یەکێک لەوگەنجانەی کە کۆچی بۆ دەرەوەی وڵات کردووە هۆکاری کۆچکردنی گەنجان بۆ نەبونی هەلی کار دەگێڕێتەوە و دەڵێت "برایەکم بەهۆی نەبونی هەلی کارەوە و دانەمەزراندنی بە ناچار سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت بەرەو ئەوروپا [3]".

لەلایەکی دیکەوە، بەکر بایز قائیمقامی پشدەر دەڵێت لەسەرەتای ئەمساڵەوە ژمارەیەکی زۆری گەنجان لە دەڤەری پشدەر جێ هێشتنی وڵاتیان دەستپێکردووە و ئەم شەپۆلی کۆچکردنەش ئەوەندە مەترسی هەیە کە تەنانەت بە ناو بازاڕی کارەوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. کۆچکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی گەنجان لەم دەڤەرە کاری کردۆتە سەر هاوسەنگی ڕەگەزیشی و نا هاوسەنگی دروست کردووە، چونکە لە بەرامبەر ئەو ڕێژەیەی گەنجان کە کۆچیانکردووە و بەربەستەکان بۆ ڕەگەزی مێینە وایان کردووە کە ئەوان نەتوانن کۆچ بکەن بۆیە ئەمەش مەترسیە لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی کە لە ئێستادا دروستبووە[4].

لە لایکی ترەوە کەمی سەرچاوە خۆشگوزەرانیەکان و هەلی کار و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کار دەکەنە سەر ئارامی دەروونی دانیشتوانی پشدەر و ئامارەکانی تاوانکاری بەردەوام لە بەرزبوونەوەدان، بەجۆرێک دەکرێت لەسەر پوش و پاوەن مرۆڤ بکوژرێت و بریندار بکرێت[5].

هانا بردن بۆ بەکارهێنان یاخود بۆ بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەوە بەمەبەستی دەوڵەمەندبوون یەکێکی ترە لە مەترسیەکانی سەر ناوچەکە. بە گشتی و دۆخی گەنجان و لایەنەکانی تر بە تایبەتی بە جۆرێک بەپێی ڕاپۆرتێکی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارتی ئامارێکی چاکسازی گشتی هەرێم ڕێژەی بەکارهێنەران و بازرگانیکردن بە ماددەی

---

[1] هاوکار یاسین، ئاژانسی ئانادۆڵ، ٢٠٢٠
[2] France24, November 10, 2021
[3] ئ.م، رۆژنیوس٢٠٢١،
[4] ئ.م،٢٠٢١،رۆژنیوس
[5] ئەیوب عەلی، دیجیتاڵ میدیای ٢٠١٩ ، NRT

هۆشبەرەوە بۆ دوو هێندە بەرزبووەتەوە و لە ئێستادا ٤١٨ سزادراوی مادەی هۆشبەر لە نێو زیندانداان کە سەرجەمیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن[6].

لە لایەکی تریشەوە هاوسنوری قەڵادزێ لەگەڵ وڵاتی ئێران، ڕێگا خۆشکەرە بۆ تەشەنەکردنی ئەم جۆرە بازرگانیە و زیاد بوونی بەکارهێنەر و مودمین بوون پێیەوە. چونکە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەلایەن "ویکی لیکس"ـەوە بڵاوکراوەتەوە، ئێران گەورەترین بازرگانی ماددەی هۆشبەرە لە جیهاندا[7] .

بە پێی ئەو ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕینیش لە ساڵی (٢٠١٧) بڵاوی کردەوە، دەری خست کە لە ساڵی (٢٠١٥) دا تەنیا ( ٣١) کەس بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون. بەڵام لە ساڵێ ( ٢٠١٦) ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ (١٣٧) کەس. ئەمەش دەرخەری ئەوەی کە بەهۆی قولبوونەوەی قەیرانەکانەوە ئامارەکان ساڵ لە دوای ساڵ مەترسیدارتر دەبن[8].

نا هاوسەنگی ڕەگەزی و جیاکاریە ڕەگەزیەکان بۆ ڕەگەزی و نێر و مێ و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتووی تاکەکان بە پێی ڕەگەزەکانیان یەکێکی ترە لە گرفتەکان. ساڵانە بەهۆیەوە چەندین ژن و کچ خۆیان دەکەنە قوربانی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا وهانا بۆ خۆسوتاندن و خۆ کوشتن دەبەن.

جیا کاریە ڕەگەزیەکان بە جۆرێکن کە لە تەواوی قەزای پشدەر و بیتوێن بە تەنیا یەک ژن ( ڕێزان خدر) لە دام و دەزگا حکومیەکان وەک سەرۆکی شارەوانی ژاراوە کار دەکات. گەرنا تەواوی ژنەکانی تر لە هۆبە جیاوازەکانی دام و دەزگاکان تەنیا کارمەندێکی ئاسایین و کەمتر ڕۆڵی بەڕێوەبەریان پێدەدرێت[9]. لە لایەکی ترەوە، لە ناو کۆمەڵگا و تەنانەت لە ناو خێزانیشدا، ژن پلەیەک لە خوار پیاوانەوە هەژمار دەکرێن و ڕۆڵی سەرەکی ئەوان ئاگالێبوونی خێزان و پاراستنی شەرەفی خێزانە کە ئەمەش خۆی لە جەستەی ژندا دەبینێتەوە[10].

یەکێکی تر لە گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان سیستەمی پەروەردە دروستی کردووە. بەهۆی ئەوەی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردەی عێراق. تا سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠) سیستمی پەروەردەی عێراق بە سیستمێکی باش دادەنرا بەڵام لە دوای ئەو کاتەوە کوالێتی خوێندن دابەزیوە. هاوکات قوتابی تەمەنێکی زۆر لە تەواوکردنی خوێندندا بەسەردەبات بەجۆرێک کە دەبێت بە لایەنی کەمەوە (٩) ساڵ بخوێنێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی بنەرەتی[11]. هەڵبەتە ئەمەش کاتێکی زۆری لاوی هەر تاکێک دەبات.

---

[6] ئەیوب عەلی، دیجیتاڵ میدیای ٢٠١٩ ، NRT

[7] دارکە مازی، ٢٠٢١

[8] ڕۆژنیوس،٢٠١٧

[9] قەڵادزێی نوێ،٢٠١٩

[10] چالاک یەحیا،٢٠١١، لا ١١، خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەرەو یەکسانی ڕەگەزی

[11] چالاک یەحیا،٢٠١١، لا ١١، خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەرەو یەکسانی ڕەگەزی

| Age | Level (grade) | Type of Education |
|---|---|---|
| 17 | 12 | Upper-secondary Education |
| 16 | 11 | |
| 15 | 10 | |
| 14 | 9 | Basic Education |
| 13 | 8 | |
| 12 | 7 | |
| 11 | 6 | |
| 10 | 5 | |
| 9 | 4 | |
| 8 | 3 | |
| 7 | 2 | |
| 6 | 1 | |
| 4-5 | - | Pre-schooling (Kindergarten) |

(خشتەی ڕوون کردنەوەی ئەو ساڵانەی تاکێک پێویستیەتی بۆ گەیشتن بە قۆناغی زانکۆ)

قەیران و کەم و کورتیەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە لە لایەک، وە لە لایەکی تریشەوە لە قەڵادزێ هێشتا زۆربەی قوتابخانەکان دوو دەوامیان تێدا دەکرێت. ئەمەش کێشەیەکی ترە و وا دەکات پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن حەقی تەواوی خۆی پێنەدرێت و تیایدا گرینگی بە حەز و خولیای قوتابیان نەدرێت وە هەموو پرۆسەکە تەنیا چڕ بکرێتەوە لە تەواو کردنی چەند پەرتوکێکی خوێندن. لە هەمان کاتدا قەزای پشدەر بە گشتی و قەڵادزێ بەتایبەتی بەجۆرێک پشت گوێ خراوە، بەبەراورد بە قەزای ڕانییە کە تا ئێستا لە قەڵادزێ هیچ قوتابخانەیەک و پەیمانگایەکی نا حکومی لێ نییە بۆ خزمەت بە گەنجان و بوارە دڵخوازەکانیان. لە کاتێکدا لە قەزای ڕانیە (١٢) پرۆژە و ناوەندی ناحکومی لێیە بە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگا جیاوازەکانەوە. ئەم ناوەندانەش دەبنە دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ تازە دەرچووان و کەم کردنەوەی کاریگەری قەیرانەکان.

لەم توێژینەوە لاوەکیەدا داتای وردتر و گشت گیرتر بەردەست نەبوو. بەداخەوە بەهۆی پشت گوێ خستنی ناوچەکە بە گشتی و دەڤەری پشدەر بە تایبەتی داتاکان زۆر کەم و سنورداربوون.

## توێژینەوەی لاوەکی کۆیە

بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی لە کۆیە بەردەستبوون ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە بەزۆری ژنان لە خێزاندا، خەریکی چێشتلێنان و پەروەردەکردنی منداڵەکانن و لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر کۆیە خاوەنی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرییە لە هەندێک لایەن، وەک ڕێژەیەکی زۆری شۆفێری مێینەیە و بەشداری مێینە لە بۆنە کۆمەڵایەتی ونەتەوایەتیەکان، وە بە گشتیش پیاوانیش بەرپرسیارن لە لایەنی ئابووری خێزان و پلە و پۆستە چارەنووسازەکان.

بەهۆی ئەوەی کۆیە قەزایەکی بچوکە، ئەو ژنانەی پلە و پۆستیان هەیە ناوبانگیان زۆر بڵاوە لە کۆمەڵگەکەدا، هەروەک ڕوونە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کۆیە ژنە. وە هەروەها بەڕێوەبەری لقی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاکسازی ژنان (Women Rehabilitation Organization) لە کۆیە ژنە و ستافەکەشی زۆربەی ژنن، وە پیاویش کاردەکەن لەگەڵیان ئەو بەڕێوەبەرایەتیان بۆ دەکات ئەمەش بێگومان جێگەی دڵ خۆشیە کە ژنانیش وەک پیاوان تواناکانی خۆیان سەلماندووە و لە هەندێ پلە و پۆستی باڵادا دەبیندرێن.

لەلایکی ترەوە ئەمە بەس نییە و دەبێت زیاتر کار لەسەر ئەو لایەنانەی تر بکرێت کە ژنان حەزو خولیایان هەیە بەڵام کۆمەڵگا یاخود هەر بەربەستێکی تر وای کردبێت نەتوانن ڕۆڵی کارای خۆیان بگێرن تیایدا بۆ نموونە، بەپێی ئەو

زانیاری و داتایانەی لە کۆیە بەردەستبوون ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زۆربەی دووکان و بازاڕەکان خاوەندارێتی دەکرێن لەلایەن پیاوانەوە لە بازاڕی قەیسەری کۆیە، هیچ دوکانێک یان فرۆشگایەک نیە لەژێر خاوەندارێتی ژندا، تەنیا لە چەند دەرمانخانەێک نەبێت کە خانمان بە کرێ کاری تێدادەکەن هەڵبەتە ئەویش لەژێر سەرپەرشتی پیاواندا. بەڵام لە دەرەوەی بازاڕی قەیسەری کۆیە، خۆشبەختانە ژنان توانیویانە بازرگانی خۆیان دەستپێبکەن و داهێنانی تێدابکەن، یەکێک لەوانە "کوارگی گەشاو"[12]ە کە لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) خولی پلانی بازرگانیان بۆ کرایەوە و پرۆژەکەش بووە براوەی پرۆگرامەکە و پاڵپشتی دارایی کرا لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان [13]UNIDO وە.

هەروەها دەربارەی ڕۆلی بڕیاردانی ژن لە کۆمەڵگەکەدا، دکتورە ئیبتیسام ئیسماعیل قادر، ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ڕایگەیاند: "بە درێژایی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ژنێک نەبووەتە خاوەن بڕیار لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر هەبووبێتیش ژمارەی پەنجەی دەست تێناپەڕێنێت[14]" ئەمەش ئەو بۆشاییە دەردەخات کە دەبێت ژنان هەوڵ و تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگاش فەراهەمکارانە ئاسانکاریان بۆ بکەن.

دەربارەی دۆخی کەسانی کەم ئەندام لە توێژینەوەیەکدا پەیوەندی دۆزرایەوە لە نێوان گەیشتن بە خوێندن و کەم ئەندامی، کەسانی کەمئەندام زۆر زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبوو ئاستی خوێندنی کەمتریان هەبێت، بەجۆرێک کە لەنێوان ٧٣ بەشداربوودا تەنیا ١٨ کەسیان زانکۆیان تەواوکردبوو، ئەوانی تر قۆناغی ناوەندیان تەواوکردووە یان هیچ قۆناغێکی خوێندنیان تەواو نەکردووە[15]

هۆکاری مادیش ڕێگرن لە بەژداری کەم ئەندامان لە پرۆسەکاندا، هەر کەمئەندامێک تەنیا (١٦٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠٠) دیناری عراقی هەیە[16]. وە ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەهۆکارە زۆرەکان بۆ ئەوەی کێشەی تەندروستی دەروونی لەنێوانیاندا باو بێت و خۆیان بە کەم بزانن، وە پەناش ببەنە بەر ڕێگای ناتەندروست بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانیان و بەرەو پێشنەچونیان. لە پرۆگرامەکانی داهاتوودا، پێویستە ڕەچاوی ئەو ئاستەنگیانە بکرێت کە کەسانی پێداویستی تایبەت ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دەست گەشتنیان بە پرۆگرامەکان و سەرچاوەکان وە چی بکرێت بۆیان تاوەک سوودمەندبن وەک هەموو لایەک.

---

12 تۆری کۆمەڵایەتی کوارگی گەشاو لە کۆیە

13 پرۆگرامی پاڵپشتی ژنانی بازرگان، یونیدۆ، ٢٠٢١

14 ئیبتیسام ئیسماعیل قادر، ٢٠٢١، کۆیە ,ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزی

15 **Coping Style and Self-Concept of physical disabled adults in Kurdish Society,**

**Hassan I. Khalid, 2015**

16 حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٣

دەربارەی دۆخی پەنابەرانیش لە کۆیە، بە پێی داتای مانگی ٧ی ٢٠٢١ نزیکەی ٢،٧٤٨ کەسانی پەنابەری ناوەکی نیشتەجێی کۆیە کراون، زۆربەیان لە موسڵ و بەغداد ەوە نیشتەجێ کراون، زۆربەیان لە ٢٠١٤ ەوە نیشتەجێی کۆیە [کراون](#)[17].

بە گشتی، ئاوارەی شارەکانی تر، لە کۆیە توشی زەحمەتی دەبنەوە لە بازگەی دێگەڵە داخلی هەولێر دەبن (کۆیە - هەولێر)، کاتێک کە پێویستە کۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی بەجێ بێڵن بەرەو باشوری عێراق، بۆ نمونە کەرکوك یان بەغداد، جا بە هەر هۆکارێك بێت وەك وەرگرتنی ، تازەکردنەوەی دۆسیەی حکومی، سەردانی خزم، سەردانی نەخۆشخانە، ..هتد، دەبێت ئاسایشی ناوخۆی کۆیە ئاگادار بکەنەوە لەوەی چەندیان پێدەچێت لە سەفەرەکەیان، زۆرترین مۆڵەتیش بۆ یەك مانگە لەلایەن ئاسایشەوە. لە کۆیە دەچنە دەرەوە لە بازگەی (تەق تەق-کەرکوکە)وە, وە پێویستە مۆڵەتی دەرچونیان پێبێت کە لەلایەن ئاسایشی کۆیەوە کە پێیان دراوە. لەکاتی بەسەرچونی مۆڵەتەکەیان لەلایەن بازگەی کەرکوکەوە پشکنینیان بۆ دەکرێ[18]. هیچ کەیسێکی نیە کە گەڕێندرابنەوە، بەڵام وەک ئاستەنگ دەمێنێتەوە بۆیان.

یەکێکی تر لەو مەترسیانەی کە لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و کۆیە بەتایبەتیە بریتیە لە وڵاتانی دراوسێ، هەروەک ڕوونە لە ٨ی سێپتێمبەری ٢٠١٨، ئێران ٧ موشەکی کورت-مەودای هەڵدایە ناو بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆیە، ئەمەش بوە هۆی کوشتنی ١٧ کەس و بریندارکردنی ٤٦ کەس لە ناوچەی (گەڕەکی) دیموکرات. ئەو خەڵکەی دانیشتوی ئەوێن داوای پاراستن دەکەن لە هێرشی لەو جۆرە، ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری گشتی ئاسایشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتی "داوامان لە نەتەوە یەکگرتووەکان [UN](#)[19] کردووە کەتەنها یەك ئاڵای خۆیان بەرزبکەنەوە و کەمێك هێزی پاراستن لە ناوچەکە جێگیر بکەن، ئەمە خەڵك دڵخۆش ئەکات بەڵام نایکەن" ئەمە یەکەمجار نیە، پێشتر ڕوی داوە و لەم ماوەشدا دوبارە ئێران هەڕەشەی کردووە کە خەڵکی کۆیە ناوچەکە چۆڵ بکەن تاوەکو کەس نەبێتە قوربانی. ئەوەی بە ئێمە دەکرێت ئەوەیە کە دەنگی گەنجانی ئەو ناوچەش پشتگوێ نەخرێت و دەرفەت بەوانیش بدرێ کە بەشداربن.

وە دەربارەی ڕەوشی پاراستن لە کۆیە، ڕێکاری باش گیراونەتەبەر بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی توندوتیژی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرەتای و یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە حاڵەتانە، چەندین لایەن کار دەکەن لەو بوارە.

یەکەمیان ڕێکخراوی چاکسازی ژنان (Women Rehabilitation Organization) کە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی کۆیە، هەستان بە کردنەوەی خولی دوو ڕۆژی لەسەر "[توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز](#)" و تەندروستی دەروونی و پشتگیری دەروونی- کۆمەڵایەتی "MHPSS" تاوەکو هۆشیاری زیادبکەن دەربارەی[20], وە جگە لە وشیارکردنەوە و خزمەتگوزاری یاسایی و پاڵپشتی دەروونیشیان هەیە بۆ ئەو کەیسانەی کە توشی حاڵەتی توندوتیژی بونەتەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

---

[17] **IOM DTM, July 2021**

[18] **transportation problems for the refugee in Koya, 2016**

[19] **Effects of Missile attacks by Iran on Democratic Party of Iranian Kurdistan residing in Koya**

[20] **GBV and MHPSS training by Women Rehabilitation Organization**

دووەمیان لایەنی دادگایە کە دەتوانێت لە ڕووی یاساییەوە پاڵپشتی کەسەکان بکات، بەڵام خەڵک بۆ حاڵەتی زۆر قورس نەبێت ڕووی تێناکەن، لەبەر زۆری ڕێکارەکانی، وەهەروەها لەبەر لەکەی کۆمەڵایەتی و ئابڕووچون.

خاڵی سێیەم بوونی لایەنی پاڵپشتیکارە لە کۆیە، بوونی دامەزراوەی مافی مرۆڤ وە بوونی سەنتەری ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕێگریەکی زۆر باش دەکات لەوەی حاڵەتەکان زیاد بکەن، کە سەنتەری ڕووبەڕووبەنەوەی توندوتیژی هێڵی گەرمیشیان هەیە بۆ حاڵەتی لەناکاو کە دەتوانرێت پەیوەندی بە ١١٩ بکرێت و ئەوان بە هانایانەوە دێن.

چوارەم خاڵ، ئەوەیە کە نابێ پاڵپشتی زانکۆی کۆیەش بەکەم سەیر بکرێت، زانکۆکە بە هەموو کات لەسەر هێڵ بووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری شارەکە بە تایبەت لە بوارە ڕەگەزیەکاندا، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد خولی "توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز" کرایەوە و ئەوان شوێنیان دابینکردووە، وە هەم کۆنفرانسی ٢ی ٣، ٢٠٢١ لەسەر "ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزی"[21] ئەنجام درا لە هۆڵی سەنتەری مەلای گەورە بۆ تۆژینەوە لە زانکۆی کۆیە، کە سێیەم دیداری زانستی بوو.

دەربارەی پێشکەوتن و گەشەکردنی قەزاکە، تەنها یەک فاکتەر هەیە کە توێژینەوەی لەسەر کراوە ئەویش دروستبونی زانکۆی کۆیەیە لە ساڵی ٢٠٠٣،[22] زانکۆی کۆیە بووەتە هۆی زیادبوونی دانیشتوان لە کۆیە و هەلی دامەزراندن لە شارەکەدا زیاد کردووە، زانکۆی کۆیە ناوەندێکی گەشەپێدانی پیشەییە بۆ خوێندکارانی دەرچوو و هەروەها دابین کردنی پەروەردەیەکی ئەکادیمی بۆ خەڵکی کۆیە و دەوروبەری، وە چەندین نەتەوە و ئاین و کلتوری جیاوازی لەخۆی کۆکردۆتەوە. زانکۆکە بۆتە هۆی دابین کردنی جێی کۆنفرانسی ساڵانە، خولی بەردەوام و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکە بەتایبەتی گەنجان.

# زانیاری بنچینەیی

## یاساکان و سیاسەتەکان و نەریتەکان و جێبەجێکارییەکانی دامەزراوەیی

بەپێی ماددەکانی ٢٩٣ و ٢٩٥ لە یاسای دادبینی شارستانی یارمەتی دادوەری هەیە، کە تیایدا گەر کەسێک لە داوایکدا مافی هەبوو بەڵام توانای ماددی نەبوو بۆ ئەوەی داواکەی بەرز بکاتەوە، یارمەتی دەدرێت بە لێخۆش بوون لە تەواوی رسوماتەکان بە شێوەیکی کاتی، گەر داواکەی بردەوە ئەوا کرێی خەرجیەکان نادات.

بەپێی ماددەی ١٤٤ لە یاسای بنچینەکانی دادگای کردن، ئەگەر هاتوو تۆمەتبارێک پارێزەری تایبەت بەخۆی نەبوو لە قۆناغی دادکایی کردندا پێویستە لەسەر دادگا پارێزەرێکی بۆ دابنێت لەسەر خەزێنەی دەوڵەت.

دەستووری عێراقی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی بۆ تەواوی هاوڵاتیەکانی خۆی فەراهەم کردووە، هەروەک لە ماددە ١٤ دا هاتووە عێراقیەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا بەبێ جیوازی ڕەگەز،نەژاد،نەتەوە یان بنەچە یان ڕەنگ یان ئاین یان ئاینزا یان بیروباوەڕ یا بارودۆخی ئابوری یا کۆمەڵایتیان.

[21] ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزی

[22] **The Effects Of Koya University on Urban Development of Koya**

له مادده ١٥ دا هاتوه هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە و نابێت لێیان بێبەشبن یان سنوردار بکرێت تەنها بە پێی یاسا و پشت بەست بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت.

له مادده ١٦ دا باس لەوە دەکات کە هەموو عێراقیەکان یەکسانن لە دەستکەوتنی هەل و دەوڵەتیش ڕێو شوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە.

له مادده ٢٠ دا هاتووە کە هەموو هاوڵاتییێک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداری کردنی لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مادده سیاسیەکان هەیە.

## زانیاری دیمۆگرافی

### کۆیە

کۆیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە بە ٧٠ کیلۆمەتر، چەندین ئایین و کلتور و نەتەوە جیاوازی تێدا کۆبۆتەوە، ژمارەی دانیشتوانی ١١٠٠٠٠ کەسە، کۆیە لەڕووی یاساوە قەزایەکی سەر بە شاری هەولێرە، بەڵام لایەنێکی سیاسی جیاواز بەڕێوەی دەبات کە لەبنەڕەتدا لایەنێکی سیاسی سەر بە سلێمانییە، وە ئەم دوو بەڕێوە بردنە لەلایەن دوو لایەنی جیاواز بۆتە هۆی ئەوەی شارەکە پشتگوێ بخرێ و لەخزمەتگوزاری گشتی فەرامۆش بکرێت، لە بری ئەوەی بکرێتە قەزایەکی پێشکەوتوو کە خزمەت بکرێت لە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتەوە.

یەکێک لە فاکتەرەکان کە یارمەتی پێشکەوتنی قەزاکەی داوە کردنەوەی زانکۆی کۆیە بوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا، جێگەیەکە بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ خوێندکار کە بتوانن پێکەوە بژین سەرەڕای جیاوازی ڕەگەز، کلتور، قەومییەت، ئاین و بیرو باوەڕی سیاسی.

### قەڵادزێ

قەڵادزێ ناوەندی قەزای پشدەرە، سەر بە پارێزگای سلێمانییە و نزیکە ١٣٤ کیلۆمەتر لێییەوە دوورە. لە ڕۆژهەڵاتییەوە هاو سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی سەردەشت و میراوەیە، لە ڕۆژاواشەوە ڕانیە، لە باکوورەوە ناحیەی قەسرێی قەزای چۆمانەوە و لە باشوورەوە ناحیەی بنگردە و ناوچەی مەرگە و قەزای ماوەتە. ناحیەکانی قەزای پشدەر (ناوەندی, سەنگەسەر, ژاراوە, هێرۆ, ئیسێوە, هەڵشۆ)

قەزای پشدەر لە ٢٨٤ گوند پێکدێت.

شوێنە مێژووییەکان: قەڵای قەڵادزێ، مەزارگەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، شێخ فەرخ

بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٨ ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزێ بریتییووە لە ١٢٠٠٠ کەس.

## دەسکەوت و دەرەنجامەکان

### قەڵاتدزێ

سەرەکیترین ئەو مەترسیانەی لەسەر گەنجانە بە گشتی لە قەڵادزێ بریتین لە بێکاری،کێشە کۆمەڵایەتیەکان و گرفتە خێڵەکیەکان، و کێشەی زەوی و زار (بەهۆی ئەوەی لەناوەندی قەزای قەڵادزێ تەنیا بەشێکی تاپۆیە و بەشەکەی تری تسروفە واتە تاپۆیان نییە و هەر کەسە و خاوەندارێتی زەویەکان بۆخۆیان دەگەڕێننەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گرفت و دوژمنایەتی لێبکەوێتەوە). ئاڵودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و، جیاکاریە کۆمەڵایەتیەکان بەجۆرێک هەر تاکێک بەناوی خێزانەکەیەوە دەناسرێت نەک ناو و کەسایەتی تایبەتی خۆی هاوکات جیاوازی چینایەتی لەسەر بنەمای سەرمایەداری یەکێکی ترە لە گرفتەکان بۆ سەرجەم گەنجان بێ جیاوازی ڕەگەزی بەڵام ئەوەی مەترسیەکانی سەر ژنان زیاد دەکات بریتیە لە مەترسی شەرەف و ئەو توندوتیژیەی ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە لەسەر بنەمای مێینە بوون و پاراستنی شەرەفی خێزان، ئەمەش زۆرجار کاردەکاتە سەر ئەوەی کە متمانە لە ژن بسەندرێتەوە. بەهۆی ئەوەی دەوترێت دەترسم ئەم کچە یاخود ژنە کەسایەتی و ناوبانگی خێزانەکەم بروخێنێت و شەرەفم لەکەدار بکات ئەمەش مۆرک و کاریگەری ئەو دابونەریتەیە کە لەسەر ناوچەکە ماوەتەوە.

بەجۆرێک گەر هەندێک جار خێزانەکانیش ئازادی بە ژن و کچەکانیان ببەخشن لەلایەن کەسانی ترەوە لێیان دەسەندرێتەوە، بەجۆرێک گەر لە قەڵادزێ دوو ژن دووکانی کەمەلیاتی ژنانەیان هەبێت ئەوا شەوانە بەرد دەگرنە جام و پەنجەرەکانیان دێننە خوار بەو بیانوەی کە ئەمە کارێکی عەیبەیە هەڵبەتە ئەمەش زیاتر کاریگەری ئەو گوندانەیە کە بەسەر ناوچەکەوەن و هێشتا داب و نەریت و کلتوورەکان زۆرتر باو و زاڵن لە ناویاندا.

باوترین و دیارترین خو لای گەنجانی قەڵادزێ، ڕووکردنە کافێ و کات بەسەر بردنە لەگەڵ هاوڕێکانیان بە دیار کێشانی نێرگەلەوە کە ئەمەش مەترسی لەسەر تەندروستی و هۆشیاری گەنجان هەیە لەو دەڤەرەدا.

### کۆیە

بە گشتی لە کۆیە، پیاوان ئازادیەکی ڕەهایان هەیە کە چۆن کاتەکانیان دابەش دەکەن و بەشداری چی دەکەن، بەڵام کەمی خزمەتگوزاری و سەرچاوەکانی فێربوون و هەلی کار، وای کردوە کە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم سوود لە تواناکانیان ببینرێت، وە زۆربەی کاتەکانیان بە شتی لاوەکی بەسەربەرن وەك چونە کافتریا و بوونی کاتی بەتاڵی زۆر، کە دەکرا بەهۆی بوونی هەلی کار یان سەرچاوەکانی دی، ئەو کاتەیان بۆ سوودگەیاندن بە خۆیان و بە کۆیەش ببەخشرایە.

سەبارەت بە پرسی ژنان لە کۆیە، ژنان ئازادیەکی زیاتریان پێبەخشراوە لە ڕووی بەشداریکردن لە کۆمەڵگە و بۆنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە، بەراورد بە ناحیە و قەزاکانی هاوشێوە، ژنان خۆیان ماڵە بەڕێوەدەبەن، خۆیان بازاڕ دەکەن، وە خۆشیان سەیارە لێدەخوڕن، کە بۆتە دیاردەیەکی باو لە کۆیە. ڕێژەیەکی زۆر کەمی ژنان بەژدارن لە بەڕێوەبردنی بازرگانی تایبەت بە خۆیان کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن (قارچکی سەدەف، دریم کافێ، شیرینی گەشاو..) بە بەراورد لەگەڵ پیاوان کە زۆربەی بازاڕی کۆیە پیاوان بەڕێوەی دەبەن.

کۆمەڵگەی کۆیە لەسەر زۆر شت کۆکن، بوونی ئاینی جیاواز، نەتەوەی جیاواز و بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان تەنها بۆتە هۆی ئەوەی ئاشتیانە پێکەوە دەژین. وە هۆکاری دابەش بوونی کۆمەڵگەکە بریتیبوون لە پەیوەندی و ململانێ سیاسیەکان، لەگەڵ نەبونی هەلیکار، کە مەترسیشی خستۆتە سەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەی کۆیە.

سەرەکیترین کێشەکان کە ڕووبەڕووی گەنجانی کۆیە بوبویەوە کەمی هەبوونی هەلی کاربوو، کە مەترسی خستبووە سەر ژیانی زۆربەی گەنجان و کەمێک ڕەشبینی کردبوون، وە ببووە هۆی ئەوەی گەنجان زۆربەی کاتەکانی خۆیان لە کافتریاکان بەسەرببەن بە شێوازێکی نا تەندرووست چونکە باوەڕیان بە پێشکەوتن و چاکسازی لایەنی دەسەڵات نەمابوو.

## ئەنجامی شیکارەکان

### چالاک کردنی ژینگە

بەپێی ئەو توێژینەوەیەی ئەنجامماندا و بە بڕوای ٩٢.٥٪ ی بەشداربوان، بۆمان دەرکەوت کە لە هەریەکە لە ناوچەکانی قەڵادزێ و کۆیە باوک بڕیار دەری سەرەکیە لە خێزاندا هەروەها لەو دوو ناوچەیەدا دەسەڵاتی خێلگەرای کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر دۆخی سیاسی و بڕیارە چارەنوسسازەکانەوە. هەر لەم لێکۆڵینەویەدا بۆمان دەرکەوت کە باوترین کێشە و گیر و گرفتە سەرەکیەکان بۆ ژنان کە ڕێگری دەکەن لەوەی ژنان ژیانێکی بەرهەمدار و داهاتێکی جێگیریان هەبێت بە ڕێژەی ٩٢.٥٪ بریتیە لە کلتوور و دابونەریت ، وە کاتێک کە دەیانەوێت بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی کارایان هەبێت بەڕێژەی لەسەدا ٦٢.٥٪ ی جارەکان توشی ڕێگری دەبنەوە. هەربۆیە ڕێژەی لەسەدا ٩٥٪ ژنان بەشی هەرە زۆری کاتەکانیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر دەبەن.

باوترین هۆکارەکان کە خەڵکی دابەش دەکات لەم دوو ناوچەیەدا بە ڕێژەی ٨٢.٥٪ بریتیە لە پەیوەندیە سیاسیەکان لە کاتێکدا دەبوو سیاسەت و دادپەروەری حوکمڕانی خاڵی بەیەک گەیاندنی خەڵک وخزمەتکردنی دانیشتوان بێت، لە لایێکی ترەوە باوترین هۆکاری بەیەکەوە بەستنی خەڵکی بە ڕێژەی ٨٥٪ بریتیە لە ئاین. لەکاتی هەبوونی سکاڵا و شکوادا ڕێژەی ٨٠٪ گەنجان هانا بۆ میدیا ڕۆژنامەوانی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبەن. بەشێکی تری گەنجانیش هانا بۆ سەرۆکی خێزان و  کەسانی سیاسی دەبەن.

### شیکاری ململانێ: جیاکەرەوە و کۆکەرەوەکان لە قەڵادزێ

| کۆکەرەوەکان | جیاکەرەوەکان | |
| --- | --- | --- |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| • شێوەزاری ناوخۆیی<br>• ئاین<br>• گوندە تێکەڵاوەکان<br>• کۆمەڵگای پیر<br>• خوێندگا و نەخۆشخانەکان | • جیاوازی نەتەوەیی<br>• ئەندامیەتی سیاسی<br>• جیاوازی سەرمایەداری | سیستەم و دامەزراوەکان<br><br>(سیاسەتەکانی حکوومەت و پێکهاتەکانی، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەرفەتە ئابوورییەکان) |
| • بەژداری ژنان لە بازاڕکردن و دابین کردنی پێداویستیەکانی ماڵەوە<br>• لێخوڕینی سەیارە لەلایەن ژنانەوە بە ڕێژەی نزیکەی نیوەی<br>• هەستی هاوبەش دەربارەی نەبوونی کار و هەلی کار و خزمەتگوزاری | • تاڵانکردن<br>• دزی کردن<br>• جیاکاری<br>• هەڕەشەی ئەلیکترۆنی | هەڵوێست و کردارەکان<br><br>(هاوڕییەتی و پشتگیری و جیاکاری) |
| • بەها ئاینییەکان<br>• هاوسەرگیری نێوان نەتەوەکان<br>• بایەخدان بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی | • ململانێی دەسەڵات<br>• بەها سیاسییەکان<br>• ڕێگری هاوسەرگیری لە نێوان خێڵە جیاوازەکان | بەها و ئەفسانە و بەرژەوەندییەکان<br><br>(بیروباوەڕە ئاینییەکان، جێبەجێکردنە کلاسیکییەکان/بیروباوەڕەکان) |
| • شەکەتبوون بەهۆی جەنگ<br>• ئەزموونی ئازارکێشان<br>• ڕاپەڕین دژ بە بەعس | • مردن<br>• ئاوارەبوون<br>• شەڕی ناوخۆ<br>• کۆچی گەنجان | مێژوو و ئەزموونەکانی ڕابردوو<br><br>(ئەزموونی سەربازی، پیشەی هاوبەش، ئەزموونی گەشت) |
| • مزگەوتەکان<br>• ژەمی هاوبەش<br>• زمانی هاوبەش | • خانوونی وێرانکراو کە جەنگت بەبیر دەهێنێتەوە<br>• ئاوی دەربەند | سیمبولەکان<br><br>(شوێنەکان، مۆسیقا، کەلتور، زمان، نەریتەکان، ئاهەنگەکان) |

## شیکاری ململانێ: جیاکەرەوە و کۆکەرەوەکان لە کۆیە






| | | |
|---|---|---|
| • بازاری کۆیە<br>• ئاین<br>• زانکۆ و پەیمانگاکان<br>• ڕێکخراوەکانی گەنجان (سەنتەری گەنجان..)<br>• هەمەجۆری نەتەوایەتی | • ململانێ و پێشبڕکێی لایەنە سیاسیەکان<br>• جیاوازی سەرمایەداری | سیستەم و دامەزراوەکان<br><br>(سیاسەتەکانی حکوومەت و پێکهاتەکانی، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەرفەتە ئابوورییەکان) |
| • بەژداری ژنان لە بازارکردن و دابین کردنی پێداویستیەکانی ماڵەوە<br>• لێخوڕینی سەیارە لەلایەن ژنانەوە بە ڕێژەی نزیکەی نیوەی<br>• هەستی هاوبەش دەربارەی نەبوونی کار و هەلی کار و خزمەتگوزاری | • هەرەشەی ئەلیکترۆنی<br>• پێکدادانی نێوان کەسەکان<br>• جیا کاری لەسەر بنەمای ڕەگەز | هەڵوێست و کردارەکان<br><br>(هاوڕێیەتی و پشتگیری و جیاکاری) |
| • بۆنە ئاینیەکان (مەولود، نوێژی هەینی، ڕەمەزان وجەژنی قوربان، تازیەکان)<br>• هاوسەرگیری نەتەوە جیاوازەکان<br>• ئاهەنگی مارەبڕین<br>• بۆنە کلتوریەکان (نەورۆز...) | • ململانێی گەیشتن بە دەسەڵات<br>• باوەڕی سیاسی | بەها و ئەفسانە و بەرژەوەندییەکان<br><br>(بیروباوەڕە ئاینییەکان، جێبەجێکردنە کلاسیکییەکان/بیروباوەڕەکان) |
| • قشڵەی کۆیە<br>• مزگەوتە کلتوریەکان<br>• مەزارگەی ماربینە قادیشا<br>• شاخی هەیبەت سوڵتان و شاخی باواجی | • هێرشی موشەکی بۆ سەر "پارتی دیموکراتی ئێران" لەلایەن ئێرانەوە<br>• ئاوارەبوونی مەسیحییەکان لە نزیک بارەگای دیموکرات بۆ ناو کۆیە بەهۆی هێرشی موشەکییەوە لەنزیک گەڕەکەکەیان.<br>• کۆچی نا یاسایی گەنجان | مێژوو و ئەزموونەکانی ڕابردوو<br><br>(ئەزموونی سەربازی، پیشەی هاوبەش، ئەزموونی گەشت) |
| • مزگەوت<br>• هاوسەرگیری نێوان نەتەوەکان<br>• فیستیڤالی کارە دەستیەکانی ژنان | • کەمی و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی (پارك، ڕێگاوبان) | سیمبولەکان<br><br>(شوێنەکان، مۆسیقا، کەلتور، زمان، نەریتەکان، ئاهەنگەکان) |

## خزمەتگوزاریە بەردەستەکان لە قەڵادزێ

بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی دەستمان کەوت بۆمان دەرکەوت کە ئەم خزمەتگوزاریانە لە قەڵادزێ بوونی هەیە و بەردەستە.

| جۆری خزمەتگوزاری | شیکاری | دەستپێگەیشتن (بۆ سەرچاوەکان) |
| --- | --- | --- |
| مەبەست لە خزمەتگوزاریە بەردەستەکان: نەخشەکێشانی سەرچاوەکانە کە بەردەستن لەو ناوچەیەی کە لەلایەن دامودەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان/ نێودەوڵەتیەکانەوە دابین کراون. ئەو خزمەتگوزاری و پشتگیریە دیاریکراوانە لەوانەیە پێویست بێت لە کاتی چالاکی ئایکۆن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. | | |
| چاودێری پزیشکی و تەندروستی | لە زۆربەی نۆرینگەکان کەس و کاری شەهیدان بە وەرەقەی تایبەت دەتوانن سەردانی دکتۆر بکەن بێ بەرامبەر. | ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠١٢٢٣٣٢٢<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: نیەتی<br>ناونیشان: ناوچەی جۆمی قورە- تەنیشت هۆڵی شارەکەم لەسەر لقی قەڵادزێ زانکۆی ڕاپەڕین،<br>کاتژمێرەکانی: ٧/٢٤ |
| | خزمەتگوزاری دایکی دووگیان لە کاتی دووگیانیدا چەندین خزمەتگوزاری لە خەستەخانەکاندا هەن بۆ چاودێری کردنی دایک و سەلامەتی کۆرپەلەکەی ناو سکی. | ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠١٢٢٣٣٢٢<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: نیەتی<br>ناونیشان: ناوچەی جۆمی قورە- تەنیشت هۆڵی شارەکەم لەسەر لقی قەڵادزێی زانکۆی ڕاپەڕین،<br>کاتژمێرەکانی: ٧/٢٤ |
| سەرچاوە و خزمەتگوزارییە یاساییەکان | لە یاسای دادبینی شارستانی یارمەتی دادوەری هەیە، کە تیایدا گەر کەسێک لە داوایکدا مافی هەبوو بەڵام توانای ماددی نەبوو بۆ ئەوەی داواکەی بەرز بکاتەوە، یارمەتی دەدرێت بە لێخۆش بوون لە تەواوی ڕسوماتەکان بە شێوەیکی کاتی، گەر داواکەی بردەوە ئەوا کرێی خەرجیەکان نادات. | ژمارەی تەلەفۆن: نیەتی<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: نیەتی<br>ناونیشان: گەڕەکی فەرمانبەران، نزیک بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ،<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٢:٠٠ی ئێوارە |
| پاڵپشتی ماددەی سەرەتایی | دەزگای خێرخوازی (سۆز) مانگانە ١٠ خێزانیان لەخۆ گرتووە و بڕێک پارەیان پێدەدەن لەسەر حسابی ئەو کۆمەڵگە پزیشکیەی خۆیان کە هەیانە. | ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠١٦٤٤٦٢٦<br>ناونیشانی ئیمەیڵ:نیەتی<br>ناونیشان: شەقامی دارشمانە،ڕێگای قەڵادزێ<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٤:٣٠ خولەکی ئێوارە |
| فێربوونی پاراستن و ڕێنمایی | لە ناوەندی وەرزش و کاوانی قەڵادزێ چەندین خول و سیمیناراتی جیاواز دەکرێتەوە کە بەشداری کردن لە گشت چالاکیەکانیان بێ بەرامبەرە. | پەیوەندی:<br>ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٤٠٧٣٧٩٧<br>ناونیشانی ئیمەیڵ:نیەتی<br>ناونیشان: شەقامی چۆمخرکە، قەڵادزێ<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٤:٣٠ خولەکی ئێوارە |

## خزمەتگوزاریە بەردەستەکان لە کۆیە

بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی دەستمان کەوت بۆمان دەرکەوت کە ئەم خزمەتگوزاریانە لە کۆیە بوونی هەیە و بەردەستە.

| جۆری خزمەتگوزاری | شیکاری | دەستپێگەیشتن (بۆ سەرچاوەکان) |
|---|---|---|
| مەبەست لە خزمەتگوزاریە بەردەستەکان: نەخشەکێشانی سەرچاوەکانە کە بەردەستن لەو ناوچەیەی کە لەلایەن دامودەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان/ نێودەوڵەتیەکانەوە دابین کراون. ئەو خزمەتگوزاری و پشتگیریە دیاریکراوانە لەوانەیە پێویست بێت لە کاتی چالاکی ئایکۆن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. | | |
| ئاسایشی جەستەیی و دیجیتاڵی | سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژن. | ژمارەی تەلەفون: ١١٩<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: نیەتی<br>ناونیشان: ڕێگای قشڵە، خوار سەنتەری زمان و توێژینەوە<br>کاتژمێرەکانی: ٢٤/٧ |
| | نوسینگەی مافی مرۆڤی کۆیە، بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی تاک. | پەیوەندی:<br>ژمارەی تەلەفون: ٠٧٥١٦٤١٠٤٦٦٦<br>ناونیشانی ئیمەیڵ:نیەتی<br>ناونیشان: سەرەتای گەڕەکی شەهیدان<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٣:٠٠ی ئێوارە |
| چاودێری پزیشکی و تەندروستی | چارەخانەی شەهید دکتور خالید چارەخانەیەکی حکومیە بۆ دابینکردنی لایەنی پزیشکی و تەندروستی بۆ خەڵکی کۆیە. | پەیوەندی:<br>ژمارەی تەلەفون: ٠٧٥١٠١٩٢١٦٦<br>ناونیشانی ئیمەیڵ:نیەتی<br>ناونیشان: گەڕەکی ئازادی، نزیك سکووڵی پزیشکی کۆیە<br>کاتژمێرەکانی: ٢٤/٧ |
| سەرچاوە و خزمەتگوزارییە یاساییەکان | بەڕێوەبەرایەتی دادگای کۆیە هەیە بۆ داواکردنی مافی تاك لای حکومەت و بەدەست هێنانی ماف بە ڕێگای یاسایی. | ژمارەی تەلەفون:نیەتی<br>ناونیشانی ئیمەیڵ:نیەتی<br>ناونیشان: جوتسایدی هەیبەت سوڵتان، بەرامبەر کۆلێژی پەروەردەی دەروونزانی.<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٢:٠٠ی ئێوارە |

| | | |
|---|---|---|
| پاڵپشتی ماددەی سەرەتایی | ڕێکراوی دەستی هاوکاری هەیە بۆ دابینکرنی پاڵپشتی مادی بنەڕەتی بۆ خێزانە لێقەوماوەکان، خێزانە بێ باوکەکان و منداڵە هەژارەکان، پاڵپشتیەکان پارە، جل، پێداویستی مەکتەب و پێداویستی ناوماڵ لەخۆ دەگرێت. | ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥١١٧١٦٨٨٦<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: نیەتی<br>ناونیشان: : گەڕەکی ئازادی، جادەی بەرامبەر مارکێتی ئیسرا<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٤:٣٠ خولەکی ئێوارە |
| فێربوونی پاراستن و ڕێنمایی | ڕێکخراوی " Women Rehabilitation Organization" بۆ پاراستنی یاسایی و دەروونی ژن و منداڵ لە توندوتیژی، بە تایبەت توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئەوان سمیناری وشیارکردنەوە دەکەن، خول دەکەنەوە، پرۆژەی وابەستکردنەوەی کۆمەڵایەتییان هەیە بۆ ئەوانەی کە دابڕاون لە کۆمەڵگە. | ٠٦٦٢٥٣١٤٨٤ :ژمارەی تەلەفون<br>ناونیشانی ئیمەیڵ: media@wroiraq.org<br>ناونیشان: گەڕەکی ئازادی، خوار زانکۆی کۆیە<br>کاتژمێرەکانی: شەممە- پێنج شەممە کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی تا ٤:٣٠ خولەکی ئێوارە |

## ڕۆڵی جێندەر و بەرپرسیاریەتییەکان و بەکارهێنانی کات

بە بڕوای بەشداربوان بەڕێژەی ٧٢.٥٪ ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکان لە کۆمەڵگادا یەکسان نین بۆ هەریەکە لە ژنان، پیاوان، کچان و کوڕان. هەروەها ئەم ڕۆڵ و برپرسیاریەتیانە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی دارای خێزانەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، بەڵام بە شێوەیێکی گشتی ڕۆڵی ژنان بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێو کردنی منداڵە هەڵبەتە ژنان ڕێگریێکی وایان نییە گەر بیانەوێت لە بازاڕی کاردا کار بکەن یا خود بخوێنن. لەوەتەی قوتابخانەی ئێواران کراوەتەوە لە قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٩٨ وە ژن هەبووە بە شەو خوێندویەتی ئەمەش دەروازەیێکی فراوان و کراوەبووە لەبەردەم ژناندا لەو کاتەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەرکی ژنان بەپێی ئەو ژینگەی تیایدا دەژی و بۆی ڕەخساوە لە خێزاندا جیاوازە و دەگۆڕیت، خێزان هەیە حەز دەکات هاوسەرەکەی کاری دەرەوەش بکات و لای ئاسایە و وەک هاوکاریەکی لایەنی دارایی دەیبینێت، بەڵام خێزان یاخود هاوسەریش هەیە کە حەز ناکات خێزانی یاخود کچەکەی لە دەرەوە کار بکات بەهۆی ئەوەی دەوترێت دەترسم ئەم کچە یاخود ژنە کەسایەتی و ناوبانگی خێزانەکەم بڕوخێنێت و شەرەفم لەکەداربکات، هەڵبەتە ئەمەش بەڕێژەی ٨٧.٥٪ هۆکارەکەی بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە کە ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکانی دابەش کردووە لەنێوان هاوڵاتیان و چین و توێژە جیاوازەکان. ئەمەش وای کردووە کە گەورەترین و باوترین مەترسیەکان کە ژنان ڕووبەڕووی ببنەوە لە کۆمەڵگادا لە کاتی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بژێوییەکی بەردەوام بریتی بێت لە نەبوونی سەربەخۆیی بە ڕێژەی ٩٠%. هەروەها بەپێی داتا تەنیا ٢٥% ی ژنان پلە و پۆستە باڵاکانیان بەدەستە و سەرکردایەتی و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە دەکەن..

ڕۆڵی پیاوانیش وەک دیار و ئاشکرایە بەڕێوەبردنی خێزانە لە لایەنی داراییەوە و ئەم ڕۆڵەش داب و نەریت و کلتور بۆی جێهێشتووین. ئەمە لە کاتێکدایە کە گەورەترین مەترسی کە پیاوان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگادا لە بریتیە لە بێکاری بە ڕێژەی ٩٥%.

ڕۆڵی کچانی خوار ١٨ ساڵ لە خێزاندا هاوکاری کردنی دایکە لە کاروباری ناو ماڵدا و لە دەرەوەش تەنیا خوێندنیان لێ داوا کراوە. بەڵام سەبارەت بە ڕۆل و بەرپرسیاریەتی کوڕانی خوار ١٨ ساڵ بەپێی ئاستی بژێوی خێزان دەگۆڕێت گەر خێزان ئاستی بژێوی بای پێویست نەبێت ئەوا پێویستە ئەوانیش کاربکەن و هاوکاری خێزانەکانیان بکەن ئەمە جیا لەوەی کە پێویستە بشخوێنن. کوڕانی خوار ١٨ ساڵ ڕۆڵیان زۆر کەمە و ڕۆڵیان نیە، نەبوونی سیستەمێکی بەرهەمهێن بۆتە کێشە بۆ نەبوونی ڕۆل بۆیان، لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زووتر ڕۆڵیان پێ دەدرێت بە پێی حەز و

ئارەزووەکانیان. بونی سیستەمێکی ئاراستەکەر زۆر یارمەتیدەر دەبێت لە پێگەیاندنی گەنجان. گەنجان زۆربەی کاتەکانی خۆیان لە کافتریا بەسەردەبەن کە زیانی هەیە بۆیان. هەروەها کار دەکاتە سەرلاوازکردنی تواناکانیان و بێ بەهرە کردنی گەنجان.

## ڕۆڵگێران و ئاژانس

بەپێی داتا ڕێژەی ٩٥٪ خەڵکی ڕووبەڕووی کۆسپ و بەربەست بونەتەوە لە کاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. وە بەربەستەکانیش بریتیبوون لە بەربەستی کەلتووری بە ڕێژەی ٣٥%، بەربەستی پیشەیی بە ڕێژەی٣٢.٥%، بەربەستی سیاسی بە ڕێژەی ١٧.٥%، بەربەستی ڕەگەزی/ڕەگەزی ١٥%. ئەمە لە کاتێکدایە کە وە ئاین و باری تەندرووستی بەهیچ جۆرێک نەبوونەتە بەربەست. هەروەها لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ چەند کەسایەتیێکی دانیشتووی قەڵادزێ و کۆیە کردمان بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئاستەنگیانەی لەبەردەم گەنجاندا هەن و ڕێگریان لێ دەکات لەوەی بەشداریەکی کارای کۆمەڵایەتی یاخود سیاسیان هەبێت، بریتین لە هۆکاری سیاسی و گەر گەنجێک بیەوێت بەشداریێکی کارای سیاسی هەبێت ئەوا دەبێت سەر بەو لایەنەبێت کە لە دەڤەرەکەی ئەودا زۆرینەیە و بڕیار بەدەستە، لە لایێکی تریشەوە کەمی یاخود نەبوونی ئەو فەرمانگانە تایبەتمەندانەی کە گەنج دەتوانێت تیایاندا ڕۆڵی کارا و بەرچاوی هەبێت یەکێکی ترە لە گرفتەکان. گرفتە سیاسیەکان لە لایک و لەلایکی تریشەوە گرفتی کلتووری یەکێکی ترە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. هەڵبەتە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مێینەکان بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەجۆرێک کە لە دەورەێکی دەلاکی پیاواندا لە قەڵادزێ (٥) ژن بەشداری دەکەن و بەسەرکەوتوویی و بێ هیچ بەربەستێک دەورەکە تەواو دەکەن ئەمەش ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریەیە کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە لە چاو ساڵانی ڕابردوو کە خانمان نەیان دەتوانی لە تیپیکی وەرزشیدا حەز وخولیاکانیان بەرەو پێشەوە بەرن بەڵام ئێستا لە قەڵآدزێ تیپی بالەی کچان، تیپی باسکەی کچان و هەروەها تیپی تێنسی کچان هەیە و هەموویان خێزانەکانیان پستگیریان دەکەن. بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە و پێویستیان بە پاڵپشتی زیاترە لەلایەن کەسانی کار بەدەست و بڕیاردەرەکاندا کە ئەوانیش کەسایەتیە سیاسیەکان دەگرێتەوە بە پلەی یەک و دوای ئەوانیش سەرۆکی خێڵ و مەلا و مامۆستا ئاینیەکان کە کار دەکەنە سەر دەروونی خەڵک و دەتوانرێت وەک کەسانی بڕیار بەدەست دەستنیشان بکرێن.

## تواناکان و سەرمایەکان و سەرچاوەکان

لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەم گرفت و کێشانەی گەنجان لە کۆیە و قەڵاتدزێ، بە بڕوای گەنجان بڕیاردەر و سەرکردە و بەرپرسان ئەوەندەی گرینگی بە کەسانی ناسیا و نزیک لە خۆیان دەدەن ئەوەندە گرینگی بە گەنجێکی ئاسای نادەن. بە کورتی خزم خزمێنە بڕیار بەدەستی سەرەکیە لە ناوچەکەدا بۆیە گەر خۆت بڕیار بەدەست نەبیت یاخود لە بڕیار بەدەست و کەسێکی سیاسیەوە نزیک نەبیت ناتوانیت مافێکی یاسای خۆشت بەدەست بهێنیت. ڕێژەی

٤٢.٥% بەشداربوان پێیان وایە ژنان زۆر کەم پشتگیرییەکی دیاریکراویان وەرگرتووە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ڕۆڵی بڕیاردانی کارایان هەیە لە سیاسەتدا، وە لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگادا پشتگیری کراون. هەروەها بە پێی داتا تەنیا

ڕێژەی ١٥٪ بەشداربوان پێیان وایە کە دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ ژن و پیاو و سەرجەم چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی بەردەستە.

گەورەترین مەترسی کە پیاوان و ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کاتی بنیادنانی بژێویێکی بەردەوام بۆخۆیان بریتیە لە نەبوونی دەرفەتی کار بە ڕێژەی ٩٥٪ هەروەها بۆ ژنانیش بە ڕێژەی ٩٠٪ بریتیە لە نەبوونی سەربەخۆیی لە ئەنجامدا بەپێی ئەو توێژینەوەیەی ئەنجامماندا بۆمان دەرکەوت کە هۆکاری سەرەکی ترس و دڵەڕاوکێی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەڕێژەی ٩٧.٥٪ بریتیە لە بێکاری.

## پاراستن

هەریەکە لە ناوچەکانی قەڵادزێ و کۆیە وەک هەر قەزایەکی تر بەهۆی بوونی دام و دەزگای پۆلیس و ئاسایش، ئاشتی و سەقامگیری تێدا بەدی دەکرێت. وە پەیوەست بە بواری توندوتیژی و پاراستنی ژنان، نوسینگەی پۆلیستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەیە کە خانمان دەتوانن لەکاتی پێویستی و مەترسیدا هانای بۆ بەرن. هەروەها لە کۆیە سەنتەری دژ بە توندوتیژی ژنان (خێزان) کە هەیە.

بە پێی ئەو توێژینەوەیەی ئەنجامماندا بۆمان دەرکەوت کە زۆرترین توندوتیژی کە ڕووبەڕوی پیاوان دەبێتەوە بریتیە لە "توندوتیژی دارایی (نەبوونی تەرخانکردنی سەرچاوە، ڕێگە نادرێت بە دامەزراندن و دەستبەسەرداگرتنی مووچە و هتد)" بە ڕێژەی ٨٠٪.

زۆرترین توندوتیژی کە ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە بریتیە لە توندوتیژی دەروونی (فەرامۆشکردن، توندوتیژی زارەکی و سۆزداری) بە ڕێژەی ٣٠٪، هەروەها گێچەڵی ئەلیکترۆنیش یەکێکی ترە لە توندوتیژیەکان کە بە ڕێژەی ٢٧.٥٪ ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی (هاوسەرگیری پێشوەختە / زۆرەملێ، دەستدرێژی سێکسی، گێچەڵ و هتد) دەبنەوە بە ڕێژەی ٢٢.٥٪.

## مەترسیە لە بەرچاوگیراوەکان بۆ کۆیە و قەڵاتدزێ

| جۆرەکانی مەترسییەکان بۆ ڕەچاوکردنیان | مەترسییە سەرەکییە ناسراوەکان | سەرچاوەی مەترسییەکە | کێ/ چی ڕووبەری ئەو مەترسییانە دەبێتەوە |
|---|---|---|---|
| مەبەست لە مەترسی و هەڵسەنگاندنی پاراستن: بۆ ئەوەی ڕێنوێنییەک بۆ بەشداربووانی ئایکۆن دابین بکرێت بۆ خۆلادان لە مەترسیەکان، سەلامەت و پارێزراو بن. | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەترسییەکانی پەیوەست بە پڕۆفایلی بەژداربوان. | • بەشداربوان بە باکگراوندی سیاسی،ڕەگەزی،ئاینی،و خێڵەکی جیاوازەوە.هەروەها ژنان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت توشی ڕێگری و جیاکاری و هەراسانکردن و چەپاندن و هەڕەشەلێکردن ببنەوە.<br>• لەوەیە دەستەی ئاسایشی حکومی بەشداربوان ناچاربکات بۆ ئەوەی داتا و زانیاریەکان هاوبەشی پێبکەن لەگەڵیان، ئەمەش وا لە بەشداربوان دەکات کە هەست بە ئاسودەی نەکەن لە بەشداری کردن لەم بەرنامەیەدا.<br>• بەشداربووانی ئایکۆن کە ناسنامەی جیاوازی ڕەگەزیان هەیە، ئەگەری ڕوبەڕوبونەوەیان هەیە لە بەرامبەر خراپکاری، جیاکاری، گێچەڵکردن، و هەڕەشەکان لەکاتی دەربڕینی ناسنامە یان بیروباوەڕ و ڕەگەزییەکانیان.<br>• لە کاتی کۆکردنەوەی داتادا، بەشداربووانی ئایکۆن لەوانەیە ڕوبەڕووی بەکاربەرانی دەرمان کە دەتوانن بە توندوتیژی و جەستەیی زیان بە بەشداربووان بگەیەنن.<br>• بەشداربووانی ئایکۆن لەگەڵ خێزانە چەوسێنەرەکان و خێزانە عەشایەرەکاندا بە ئەگەری زۆرەوە ڕێگرییان لێ دەکرێت لە بەشداری چالاکانە یان کۆکردنەوەی داتا لە کاتی پرۆژەکەدا. | • خێزان( بە تایبەت بۆ ژنان)<br>• بەشداربوان<br>• پێشەوا و پیاو ماقوڵانی کۆمەڵگا.<br>• لایەنە سیاسیەکان<br>• مەلا و ڕابەرە ئاینیەکان<br>• ئاسایش<br>• خراپ بەکارهێنەرانی دەرمانەکان. | • بەشداربوانی ICON بەتایبەت ژنان و ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت.<br>• بەشداربووان بە باکگراوندی سیاسی و ئایینی و ناسنامەی ڕەگەزی جیاوازەوە.<br>• ستافی ڕێکخراو و توێژەران و خۆبەخشان و هتد. |
| مەترسییەکان لەچوارچێوەی بەرنامەکە | • دواخستن و تێکچوونی بەرنامەکە بەهۆی ڕێگەپێدانی حکومەتەوە.<br>• ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکە دەکرێت مەترسی بێت بەهۆی سوودمەندبوان.<br>• سوودمەندبوان دەکرێت ببنە مایەی زیان بەهۆی هاوبەشی پێکردنی زانیاریەکان لەگەڵ کەسانی دەرەکی.<br>• هێزە ئەمنیەکانی حکومەت لەوەیە داوای ئەوە بکەن کە لیستی ناوی سوودمەندبوان لەگەڵ هاوبەشی پێ بکەین.<br>• دواخستن یا تێکچوونی بەرنامەکە بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە.<br>• مەترسی تەندروستی وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا.<br>• مەترسی دەستگیر کردن و دەست بەسەر کردن. | • هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.<br>• بومەلەرزە، ئاگر، لافاو<br>• دەسەڵاتی حکومەت وەک قایمقایم و وەزارەتی تەندروستی.<br>• ژێرخانی ناوچەکە لە ڕووی ڕێگا و ڕووناکیەوە. | • بەشداربووانی ئایکۆن.<br>• بەشداربووان بە باکگراوندی سیاسی و ئایینی جیاوازەوە.<br>• ستافی ڕێکخراو و توێژەران و خۆبەخشان و هتد. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەترسییەکان لە پەیوەندییەکان و کردەکانی بەرنامەی گەنجانی لێهاتوو | • دواکەوتن و تێکدانی چالاکیەکە بەهۆی دەستێوەردانی کۆمەڵگا بەتایبەت لە بەشداری کردنی ژناندا.<br>• توێژەران بنچینەکانی کۆمەڵگا تێکدەدەن لەکاتێکدا دەیانەوێت کۆمەڵگا بەشداری پێبکەن.<br>• لە کاتی جێبەجێ کردنی توێژینەوەدا، بەشداربووانی ئایکۆن یان ئەوانەی کە خەریکی توێژینەوەن، تووشی تراوما، شۆکبوون یان حاڵەتی ترسناکی تر ببنەوە یان بەهەڵێ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت<br>• دۆزینەوەکانی توێژینەوەکانی ئایکۆن بەشداربوان دەخاتە مەترسی سەلامەتی، پەڵەیەکی ڕەشی کلتوری- کۆمەڵایەتی و ئامانج بکرێن لە لایەن دەسەڵاتداران.<br>• بەشداربووانی ئایکۆن لەوانەیە نەتوانن پشتگیری دارایی خۆیان بکەن لە کاتی پرۆژەکەدا بەهۆی نەبوونی سامان، سەرچاوە و داهات. | • کەسانی خاوەن بڕیاری کۆمەڵگا<br>• پیاوانی ئاینی<br>• دەسەڵاتدارانی حکومەت<br>• کارمەندانی گەنجانی لێهاتوو. | • بەشداربوانی ICONS<br>• کارمەندانی گەنجانی لێهاتوو<br>• هاوبەشە لەنگەر گرتوەکانی تر<br>• ژنان |
| مەترسیەکان لە کارمەندانی بەرنامەی گەنجانی لێهاتوو و هاوبەشانی و ئەوانەی سەر بە ئەون | • دوودڵی بەشداربوان لە توێژینەوەکەدا بەهۆی باکراوندی سیاسی دەزگای ڕوانگە<br>• بەهەڵە پەیوەندی کردنی نێوان گەنجانی لێهاتوو و کەسە دیاری کراوەکان لەوەیە ببێتە هۆی دواخستن و تێکدانی چالاکیەکە.<br>• گەنجانی لێهاتوو شکست بهێنن لە دەستنیشانکردنی کۆمەڵگە و ڕوونکردنەوەی ئامانجی چالاکیەکە.<br>• دەسەڵاتدارانی حکومەت ڕێگری دەکەن لە بەرنامەکە بەهۆی پەیوەندی گەنجانی لێهاتوو بە سیاسەتەوە و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای سیاسی لەناو کۆمەڵگادا.<br>• مەترسیەکانی گواستنەوە لە کاتی گەشت کردن بۆ شوێنی بەرنامەکە. | • دەسەڵاتدارانی حکومەت.<br>• لایەنە سیاسیەکان.<br>• گەنجانی لێهاتوو.<br>• ژێرخانی ناوچەکە لە ڕووی ڕێگاو بان و ڕوناکیەوە. | • بەشداربووانی ئایکۆن.<br>• بەشداربووان بە باکگراوندی سیاسی و ئایینی و ناسنامەی ڕەگەزی جیاوازەوە.<br>• ستافی گەنجی ئێکسڵ، هاوبەشەکانی بێژەر.<br>• ستافی ڕێکخراو و توێژەران و خۆبەخشان و هتد. |
| مەترسیەکان لە گەنجانی ئێکسڵ، سیاف، هاوبەشەکانیان | • ئەگەری توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.<br>• گێچەڵی سێکسی.<br>• لە کاتی پەیڕەونەکردنی بنەماکانی پەیڕەوی ڕەفتاری لەلایەن ستافف و هاوکارانەوە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پرۆفیشنالی کارەکە، کە لەوانەیە مەترسی تەندروستی جەستەیی/ دەروونی بۆ بەشداربووان دروست بکات.<br>• ستافی گەنجانی لێهاتوو دەکرێت بەتەواوی ئاگاداری ئەو بابەتانە نەبن کە دەکرێت | • بەشداربوانی بۆنەکە.<br>• خزمەتگوزاری ناوچەکە لەڕووی کارەبا و ڕێگاو بانەوە.<br>• کۆدی جل و بەرگی بەشداربوان. | • بەشداربوانی ئایکۆن<br>• بەشداربووان بە باکگراوندی سیاسی و ئایینی و ناسنامەی ڕەگەزی جیاوازەوە.<br>• دەستەی ڕێکخراو و توێژەران و خۆبەخشان و هتد. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | گەنجان هەراسان بکات و توشی دڵەڕاوکێیان ئەکات.<br>• ناکۆکی نەتەوایەتی و ئایینی و سیاسیەکانی نێوان خەڵک، لەگەڵ شوناسی جیاوازی ڕەگەزی و لایەنگیری پارتە سیاسیەکان و ئۆپۆزسیۆنەکان و بیروباوەڕی ئایینی جیاواز و هتد. | | |

## شیکاری مەترسیەکان بۆ کۆیە و قەڵاتدزێ

| مەترسییەکان | گریمانەی (کەم، ماماوەند، زۆر) | کاریگەری (کەم، ماماوەند، زۆر) | خاڵە لاوازەکان (ئەو فاکتەرانەی ئەگەری ڕوودانیان زۆرە/ کاریگەری مەترسییەکە لەسەر تاك و گرووپەکان) | ئەو توانایانەی کە هەن لە (تاکەکان، گرووپەکان، ئێکسل کەنجان) |
|---|---|---|---|---|
| ڕووداوی هاتوچۆ | زۆر | زۆر | ڕووداوەکانی هاتووچۆ یەکێکە لە هەڕەشە باوەکان بەهۆی خراپی ڕێگاوبان، خراپی چاودێریکردنی ئۆتۆمبێلەکان، کەمی ڕاهێنانی شۆفێران، دۆخی کەش و هەوا و خێرایی. | ١- فێرکردنی کارمەندەکان لەسەر گەشتی کرداری ستاندەردی کارپێکردن.<br><br>٢- شۆفێرەکان پابەندن بە ڕێنماییەکانی هاتووچۆ و لێخوڕینێکی سەلامەت.<br><br>3- ڕاهێنان بە ستافەکە بکرێت لەسەر فریاگوزاری سەرەتاییەکان بۆ حاڵەتی پێویست.<br><br>4- پشکنینی ئۆتۆمبێلەکان بۆ دڵنیابوون لە توانای ئۆتۆمبێلەکان بکرێت. |
| هەراسانکردن و ئازاردان | زۆر | ناوەند | ژنان و کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان قوربانی هەراسانکردنن، هەراسانکردنی سێکسی بە شێوەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، کە چەندین ڕووداو لە شارەکەدا ڕوویانداوە و بەهۆی کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکانەوە، وە زەحمەتە زانیاری دەربارەی کەیسەکانی دەستدرێژی سێکسی بەدەست بهێنرێت، بەتایبەتی کە ئەم بابەتە بابەتێکی هەستیارە خەڵک خۆیان لە باسکردنی ئەو حاڵەتانە بەدوور دەگرن بەهۆی ئەو زیانەی کەڕووبەڕووی دەبنەوە (بەتایبەتی کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف) | ١- فێرکردنی کارمەندەکان بۆ پابەند بوون بە کرداری ستاندەردی کارپێکردن بە نۆرمی نەریتی و کولتوورییەوە.<br><br>٢- کارمەندەکان پێویستە ڕاهێنانی پاراستن لە دژی چەوسانەوە و دەستدرێژی سێکسی.<br><br>٣- ڕاپۆرتکردن و باسکردنی هەموو ڕوداوەنی هەراسانکردن.<br><br>٤) کارمەندان دەبێت ڕەچاوی قبوڵکردنی کۆمەڵگەکە بکات ( جلوبەرگ..) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کارەساتی سروشتی | ناوەند | زۆر | لە پاریزگای هەولێر بومەلەرزە ڕوودەدات، لە ساڵی 1992ەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر بوومەلەرزە لەو شارە ڕوویداوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە. بوومەلەرزە لەم ساڵانەی دواییدا زیادی کردووە و لەوانەیە لە ساڵانی داهاتوودا قەبارەی لەرزەکانی زەوی زیاد بکات.<br><br>بەهۆی نەبوونی ژێرخانی بیناسازییەوە لەڕووی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی کارەبای جیهانی، ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوەکە وەک هەڕەشەیەك بۆ بەرگری شارستانی و دانیشتوان دەمێنێتەوە. | ١- کارمەندەکان بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی مەترسی سروشتی.<br><br>٢- کاراکردنی چارەسەری کارەبایی و دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی کارمەندان<br><br>٣- مەشق بە هەموو تازە بەشداربوان بکرێت لەسەر مەشقی سەلامەتی ئاگر<br><br>٤- ستافەکە دەبێت پابەندبن بە ڕێکارەکانی سەلامەتی لە ناوچەکانی کارکردن<br><br>٥- هەموو 6 مانگ جارێک دوبارە ڕاهێنان بە ستافەکە بکرێت لەسەر خزمەتگوزاری سەرەتایی تەندروستی و ئاگر کوژاندنەوە. |
| دەستگیر کردن و دەستبەسەرکردن | کەم | زۆر | هیچ ڕاپۆرتێک نییە لەسەر دەستگیرکردنی خەڵک لەشارەکەدا بەهۆی سیاسەت و ئایین یان بەهۆی بوونی ئایدۆلۆژیای جیاوازترەوە. | ١- فێرکردنی کارمەندەکان لەسەر گەشت و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە خاڵی پشکنین بە شێوازی کرداری ستاندەردی کارپێکردن.<br><br>٢- ستافەکە دۆکیومێنتە تایبەتەکان و ڕێگەپێدانەکانیان پێبێت لەکاتی ئەنجامدانی سەردانیکردنی مەیدانی.<br><br>٣- دڵنیابە لەوەی کە هەموو ڕێگەپێدانەکانی کار لە ئۆتۆمبێلەکاندا هەڵگیراون.<br><br>٤- ستافەکە خۆیان بەدور بگرن لە کەوتنە ناو گفتووگۆ لەگەڵ کارمەندانی ئاسایشدا. |
| نەخۆشی | زۆر | زۆر | چەندین جۆر نەخۆشی بڵاوبونەتەوە، لە ئێستادا کۆڤید-19 بڵاوبۆتەوە لە وڵاتەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش لە مارسی 2020ەوە. | نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی، نەبوونی هۆشیاری، نەبوونی دارایی هتد.. |

## دەرەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا لە هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێ، بۆ مان دەرکەوت کە گەنجانی ئەم ناوچەیە بەدەست زۆر کێشەوە دەناڵێنن. بێکاری و کۆچ کردنی نایاسای لە مەترسیە هەرە سەرەکیەکانن کە ئەمانە کاردەکەنە سەر ئەوەی گەنجان نەتوانن ژیانێکی جێگیر و بەرهەم هێن بۆخۆیان دابین بکەن وە خزمەتێک بە کۆمەڵگا بگەیەنن. قەیران و مەترسیەکان بەم جۆرە بەرۆکی گەنجان و دانیشتوانی ئەم ناوچانەی گرتووە و لەلایکی تریشەوە زۆربەی گەنجان کاتەکانیان بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و کافتریاکان بەسەر دەبەن کە ئەمەش قەیرانەکان دوو ئەوەندە و مەترسیەکان مەترسیدارتر دەکەن چونکە گەنجان بەرە بەرە دەکەونە دۆخی بێئاگاییەوە و هەوڵی گۆڕانکاری بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیانیان هەلی کەمتر دەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە بە پێی داتای کۆکراوە لەسەدا ٩٥٪ ئەو کەسانەی کە هەوڵێکی گۆڕانکاریان داوە بۆ ژیانی خۆیان و دەوروبەریان توشی بەربەست بوونەتەوە کە ئەمەش بۆتە مایەی دروست کردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین، ئەمە بێجگە لەو مەترسی و فشارەی ململانێی سیاسی لە ناوچەکە بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی دروستی کردووە و بەردەوام هەوڵ دەدات بارودۆخ و سەرچاوەکان لە بەرژەوەندی خۆی و کەسانی نزیک خۆی بەکاربهێنێت.

دەربارەی بارودۆخ و ڕۆڵی ژنان لەم دوو کۆمەڵگایەدا، وەک لە داتاکاندا هاتتوە دەردەکەوێت کە باوترین کێشە و گرفتە سەرەکیەکان بۆ ژنی گەنج کە ڕێگری دەکەن لەوەی ژیانێکی جێگر و بەرهەمهێنەریان هەبێت لە کۆمەڵگەکەدا، پێکهاتبوو لە کەلتوورکە جۆرە باوەڕ و ئایدیایێکی خوڵقاندووە کە بەردەوام ژن بە مێینە و لاواز ببیندرێت. بەجۆرێک کە زۆرینەی خەڵکی پێیان وایە ژنان(زۆر کەم) لە پلە و پۆستە سەرکردایەتیەکاندا کاریگەری ئەرێنی دروستدەکەن لەسەر یەکسانی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەکەدا ئەمەش بەرهەمی ئەو بێ متمانەییە کە کلتوور وەک تێڕوانین بەرامبەر بە ژن دروستی کردوە. ژنان زۆربەی کاتەکانیان بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بەجێهێنانی بەرپرسیاریەتی خێزانیەوە بەسەر بەرن و بە بەراورد بە پیاوان کەمترین کاتەکانیان خەریکی کار کردنبن لە دەرەوەی ماڵ. هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نادادی و ناهاوسەنگیەی لە بازاڕی کار و هەلی کاردا هەیە و دەرفەتەکان بۆ ژن کەم و سنوردارتر دەکرێت بە بەراورد بە پیاوان.ئەمەش وادەکات کە گەورەترین و باوترین مەترسیەکان، کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگای ئێوەدا لە کاتی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بژێوییەکی بەردەوام بریتیبێت لە نەبوونی سەربەخۆیی.

## چالاکیە پێشنیار کراوەکان

وەک توێژەر پێشنیاری ئەم چالاکیانە دەکەین لەبواری هۆشیاری و سیاسی و کۆمڵایەتی و ڕەگەزی بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەی ICONS بە ئەنجام بگەیەندرێن بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی هەریەکە لەناوچەکانی توێژینەوە ( کۆیە و قەڵادزێ)

١- دەستەی ICONS و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەستن بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هۆشیاری و قەدەغەکردنی مادده هۆشبەرەکان لە قوتابخانە و زانکۆ و گەنجانی دانەمەزراو لە کۆیە و لە قەڵادزێ بە مەبەستی هۆشیار کردنەوەی گەنجان لە مەترسیە تەندروستیەکانی و ئالودە بوون پێیەوە.

٢- دەستەی ICONS و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەستن بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ بەشداربوانی پیاو لەسەر ڕەگەز و جیاکاریەکانی و هەڵمەتی داکۆکیکردن لە ماف و تواناکانی ژنان بەتایبەت لە گوندەکانی دەوروبەری کۆیە و قەڵادزێ.

٣- پێویستە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان بڕەخسێنن بۆ گەنجان و کەسە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بۆ گەشتن بە سەرچاوەکانی بژێوی بەشداری پێکردنیان لە بەرنامەکانی داهاتوو.

٤- پێویستە ICONS لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکەن لە هەریەکە لە ناوچەکانی کۆیە و قەڵادزێ لەسەر جیاکاری ڕەگەزی و بژێوی و دوورخستنەوە و هەڵاوێردکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وە پێویستە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم ئاستەنگانە بدۆزنەوە و بیانخەنە ڕوو.

٥- پێویستە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە کاربکەن بۆ پشتگیری کردنی ژنان لەبواری پەروەردەیی و گەشەپێدان و زیادکردنی توانا و لێهاتووییەکانیان بەمەبەستی دەستخستنی دەرفەتی کار.

٦- پێویستە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە کاربکەن بۆ کردنەوەی خول و مەشقی تایبەت بۆ ژنان بۆ ئەوەی تێکەڵ بە جیهانی بازرگانی بن و دەرفەتی کار بدۆزنەوەی لە بازاڕی کاردا، دەبێت هۆشیار بکرێنەوە و سەرنجیان بخرێتە سەر بازرگانی کردن و توانای بەڕێوەبردنی بازرگانی تایبەت بەخۆیان.

٧- پێویستە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە کاربکەن بۆ پەرەدان و هاندان بۆ کاری خۆبەخشی وەک ڕێگاچارەیەک بۆ بۆ بەشداری گەنجان لەو پرسانەی کە باوەڕیان پێی هەیە. بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی کاریگەری کاری خۆبەخشی لەسەر ژیانیان، وە ئەنجامدانی پرۆژەی خۆبەخشی و دابین کردنی هەلی کاری خۆبەخشی بۆیان تاوەک بە کرداری کاریگەری ڕۆڵی خۆیان ببینن لە کۆمەڵگەکەیان.

٨- دەستەی ICONS و حکومەت کاربکەن بۆ ئاشناکردنی گەنجان و هاوڵاتیانی کۆیە و قەڵادزێ بە هەموو سەرچاوەکانی کە لەبەردەستیانە و لێی ئاگادار نین وەک سەرچاوەکانی فێربوون، پاراستن، گەشەپێدانی خوود، هێنانەدی حەز و خولیا کانیان و بوون بە گەنجێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگەی خۆیان.

## سەرچاوەکان:


**[١]** هاوکار یاسین، ئاژانسی ئانادۆڵ، **٢٠٢٠**

**[٢] France24, November 10, 2021**

[٣] ئ.م، ڕۆژنیوس**٢٠٢١**،

[٤]ئ.م،٢٠٢١،ڕۆژنیوس

[٥]ئەیوب عەلی، دیجیتاڵ میدیای **٢٠١٩ ، NRT**

**[٦]** ئەیوب عەلی، دیجیتاڵ میدیای **٢٠١٩، NRT**

**[٧]** دارکە مازی، ٢٠٢١

**[٨]** ڕۆژنیوس،٢٠١٧

**[٩]** قەڵادزێی نوێ،٢٠١٩

[١٠] چالاک یەحیا،٢٠١١، لا ١١، خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەرەو یەکسانی ڕەگەزی

[١١]چالاک یەحیا،٢٠١١، لا ١٢، خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەرەو یەکسانی ڕەگەزی

[١٢] تۆڕی کۆمەڵایەتی کوارگی گەشاو لە کۆیە

[١٣] پرۆگرامی پاڵپشتی ژنانی بازرگان، یونیدۆ، ٢٠٢١

**[**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزی **,**ئیبتیسام ئیسماعیل قادر، ٢٠٢١، کۆیە**[١٤**

**[١٥] Coping Style and Self-Concept of physical disabled adults in Kurdish Society**,

**Hassan I. Khalid, 2015**

[١٦] حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥

**[١٧] IOM DTM, July** 2021

**[١٨] transportation problems for the refugee in Koya, 2016**

**[١٩] Effects of Missile attacks by Iran on Democratic Party of Iranian Kurdistan residing in Koya**

**[٢٠] GBV and MHPSS training by Women Rehabilitation Organization**

[٢١] ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزی

[٢٢] The Effects Of Koya University on Urban Development of Koya

## پاشکۆی یەکەم:

## چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسە ئەزموونداری‌ەکان

پرسیارەکانی چاوپیکەوتن:

١. ئەو ئاستەنگ و زەحمەتیانە چین کە ڕێگرن لە بەشداری گەنجان لە کۆیە / قەڵاتدزێ لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بڕیارداندا؟

- ئەوە چۆن جیاوازە ئەگەر تۆ ژنێکی گەنج بیت؟
- ئەوە چۆن جیاوازە ئەگەر تۆ پیاوێکی گەنج بیت؟
- چی دەربارەی جیاوازی نەتەوایەتی؟ ئاستی سامان (دەوڵەمەند، هەژار، چینی مامناوەند)؟ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟

٢. ئەو ڕۆڵە سەرەتایانە چین کە چاوەڕوان دەکرێت لە ژنان، پیاوان، کوڕان (خوار 18 ساڵ)، کچان (خوار 18 ساڵ) لە کۆیە/قەڵاتدزێ؟ لە ماڵ، شوێنی کار ناو کۆمەڵگەدا؟

٣. ئایا ژنان و پیاوان هەست بەو هێزەدەکەن کە بڕیاردەر بن لەسەر ژیانی پیشەیی و بونیادی خێزانی خۆیان؟

- ژنان و پیاوان لە کاتی هەوڵدان بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارانە ڕووبەڕووی چ بەربەستێک دەبنەوە؟
- کۆمەڵگا یان خێزان چۆن ئەم بەربەستانە پێکدێنن؟

٤. لە کۆیە و قەڵاتدزێ، کێ بە بەخێوکەری سەرەکی خێزان دادەنرێت؟ ئایا ژنان بەرپرسیارن لە بەدەستهێنانی داهات بۆ خێزانەکانیان؟

٥. گەنجان لە کۆیە و قەڵاتدزێ ڕووبەڕووی چ مەترسییەک دەبنەوە کە ڕێگرە لە دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و بەرهەمهێن لە کۆمەڵگەکەیان؟ بە تایبەتی ژنان؟ بە تایبەتی پیاوان؟ (وەک خاوەندارێتی چەک، خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، بێزارکردن، کۆچکردنی نایاسایی، بێکاری و هتد).

٦. گەنجان ڕوو لەکوێ بکەن لەکاتی:

- هەبوونی سکاڵا (گێچەڵکردن، توندوتیژی، بێکاری، هەلی بەشداری کۆمەڵایەتی و ....هتد)
- لایەنگیری کردنی بابەتێک
- کاتێک دەیانەوێت بەشدار بن لە کۆمەڵگاکانیان؟

٧. خاوەن بڕیارەکان/ سەرکردەکان لە کۆیە/ قەڵاتدزێ چۆن کار لەسەر دابینکردنی دەرفەت بۆ گەنجان دەکەن سەبارەت بە هەلی کار، بەشداری سیاسی/حوکمڕانی و گەشەپێدانی خۆی و بنیات نانی کارامەییەکانیان؟

٨. له کۆمەڵگەی کۆیە / قەڵاتدزێ، چ شتێک خەڵک لێک جیا دەکاتەوە، لەسەر چی ناکۆکن، یان دابەشبوونێک لە نێوان خەڵکدا دروست دەکات؟

وە ئەو شتانەش چین کە خەڵک کۆدەکاتەوە، کە خەڵک تیایدا هاوبەشن، وە خەڵک لەسەری ڕێکدەکەون؟

٩. ئەو مەترسی و ئاستەنگانە چین کە لە نێوان توێژەرانی ژن و پیاودا جیاوازی هەیە؟ لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لە کۆیە/ قەڵاتدزێ دا.

١٠. چ خزمەتگوزاری و سەرچاوەیەک هەیە لە کۆمەڵگەدا لەسەر ئەمانەی خوارەوە: ئاسایشی جەستەیی و دیجیتاڵی، پزیشکی و تەندروستی، خزمەتگوزاری و سەرچاوە یاساییەکان، یارمەتی ماددی بنەڕەتی، ڕێنمایی پاراستن و فێربوون، پەیوەندیەکان، (سەیری خشتەی نەخشەکێشانی سەرچاوە بکە بۆ زانیاری زیاتر)

## پاشکۆی دووەم:

## پرسیارەکانی ڕاپرسی "شیکاری پاراستن و ڕەگەزی خێرایی یەکتربڕ"

بەشداربووی بەڕێز
ڕێکخراوی "گەڕان بە دوای بنەما هاوبەشەکان" لە کوردستان توێژینەوەیەکی شیکاری لەسەر بابەتی پاراستن و جیاوازی ڕەگەزی ئەنجام دەدات لە کۆیە/ قەڵاتدزێ. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕاپرسیە ئامادا کراوە وەک ئامرازێک بۆ زانینی ڕا و بۆچونتان و کۆ کردنەوەی داتا و زانیاری سەبارەت بە بیر و بۆچون و بەربەستەکان و ئەو مەترسیەکان ژن و پیاوان لە هەموو تەمەنێکدا بەرەنگاری دەبنەوە لە لە هەردوو کۆمەڵگاکەدا. تکایە بە وردی و ڕاستگۆیی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە دڵنیاتان دەکەینەوە ناسنامەکانت بە پارێزراوی دەمینێتەوە لەم توێژینەوەیەدا.
ئایا تۆ ڕازییت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بە ڕاستی و بەشداری لە توێژینەوەکەدا بکەیت؟

- بەڵێ ڕازیم
- نەخێر ڕازینیم

| | |
|---|---|
| ناو:<br>(ئارەزوومەندانە) | |
| ڕەگەز | نێر مێ ئەوانیتر |
| تەمەن | ١٨-٢٣، ٢٤-٢٩، ٣٠-٣٩، ٤٠-٤٩، ٥٠-٥٩، +٦٠ |
| نیشتەجێبووی | کۆیە - قەڵاتزێ |
| ئاستی خوێندن | سەرەتایی<br>ناوەندی<br>ئامادەی |

| | |
|---|---|
| | پەیمانگا<br>زانکۆ<br>دکتۆرا<br>هیچیان |
| پیشە | قوتابی<br>فەرمانبەری حکومی<br>کاسب/ کاری سەربەخۆ<br>ژنی ماڵ/ کابان<br>بێکار |

١. ئەو کێشە و گرفتە سەرەکیانە چین کە ڕێگری لە پیاوی گەنج دەکەن لەوەی ژیانێکی جێگر و بەرهەمهێنەریان هەبێت لەو کۆمەڵگایەی تۆ تێیدا دە
تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | بێکاری لە ڕووی جوگرافیەوە | نەبوونی پیشەگەری | کەمی بەردەستبوونی سەرمایە | نەبوونی پەروەردەیەکی گونجاو یان لێهاتووی | کەلتوور/ نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان | نەبوونی هەلی کار | ماددەی هۆشبەر | نەبوونی ئەزموونی تەکنەلۆژی | تەندروستی دەروونی | نەگونجانی کارامەیی |

٢. ئەو کێشە و گرفتە سەرەکیانە چین کە ڕێگری لە ژنی گەنج دەکەن لەوەی ژیانێکی جێگر و بەرهەمهێنەریان هەبێت لەو کۆمەڵگایەی تۆ تێیدا دەژیت؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | بێکاری لە ڕووی جوگرافیەوە | نەبوونی پیشەگەری | کەمی بەردەستبوونی سەرمایە | نەبوونی پەروەردەیەکی گونجاو یان لێهاتووی | کەلتوور/ نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان | نەبوونی هەلی کار | ماددەی هۆشبەر | نەبوونی ئەزموونی تەکنەلۆژی | تەندروستی دەروونی | نەگونجانی کارامەیی |

٣. پێتوایە پیاوی گەنج کاتی خۆیان بەچی بەسەردەبەن؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆ پەرەپێدان / فێربوون | چالاکی کۆمەڵایەتی: بەسەربردنی کات لەگەڵ هاورێکان، کافتریا، وەرزش هتد... | بەرپرسیاریەتیی خێزانیی | تورە کۆمەڵایەتییەکان | گەڕان بەدوای هەلی کار | قوتابخانە / پەروەردە | کاسبی کار/ کردن | چالاکی خۆبەخشی کۆمەڵگا |

٤. پێتوایە ژنی گەنج کاتی خۆیان بەچی بەسەردەبەن؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆ پەرەپێدان / فێربوون | چالاکی کۆمەڵایەتی: بەسەربردنی کات لەگەڵ هاورێکان، کافتریا، وەرزش هتد... | بەرپرسیاریەتیی خێزانیی | تورە کۆمەڵایەتییەکان | گەڕان بەدوای هەلی کار | قوتابخانە / پەروەردە | کاسبی کار/ کردن | چالاکی خۆبەخشی کۆمەڵگا |

٥. پێتوایە پیاوی گەنج ڕێگرییان لێ دەکرێت لە بەشداری چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەیاندا؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

٦. پێتوایە ژنی گەنج ڕێگرییان لێ دەکرێت لە بەشداری چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەیاندا؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

٧. تا چ ڕادەیەک ژنی گەنج پشتگیرییەکی دیاریکراویان وەرگرتووە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ڕۆڵی بڕیاردانی کارایان هەیە لە سیاسەتدا، لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگادا؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

٨. پێتوایە ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی چاوەڕوانکراو لە ژنان، پیاوان، کوڕان، کچان لە بازاڕی کار لە کۆمەڵگاکەی ئێوەدا یەکسانە؟

| | | |
|---|---|---|
| بەڵێ | تا ڕادەیەک | نەخێر |

٩. کێ بەرپرسە لەدروستکردنی ئەم ڕۆڵانە لەکۆمەڵگەدا؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | سەرۆک هۆزەکان/عەشیرەت | حکومەت | ئایین / ڕابەری ئایینی | سەرۆکی خێزان | کۆمەڵگا / نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان |

١٠. گەنجان پەنا بۆ کێ دەبەن بۆ ئەوەی گازندە و کێشەکانیان پێ بگەیێنن و چارەسەری بکەن؟

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | سەرۆکی خێزان | دادگا | سەرۆک هۆزەکان/عەشیرەت | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | کەسانی سیاسی | میدیا ڕۆژنامەوانی/کۆمەڵا یەتیەکان |

١١. ئەو جۆرە توندوتیژیانە چین کە پیاوان ڕووبە ڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگاکەی تۆدا؟

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | توندوتیژی سێکسی (هاوسەرگیری زوو/ زۆرەملێ، دەستدرێژی سێکسی، گێچەڵ و هتد) | توندوتیژی جەستەیی (شەڕی ناوخۆ، خراپ بەکارهێنانی چەک، کاری زۆرەملێ، چەتەکانی سەرشەقام و هتد) | توندوتیژی دارایی (نەبوونی تەرخانکردنی سەرچاوە، ڕێگە نادرێت بە دامەزراندن و دەستبەسەرداگرتنی مووچە و هتد) | توندوتیژی دەروونی (فەرامۆشکردن، توندوتیژی زارەکی و سۆزداری) | گێچەڵی ئەلیکترۆنی |

١٢. ئە جۆرە توندوتیژیانە چین کە ژنان ڕووبە ڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگاکەی تۆدا؟

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | توندوتیژی سێکسی (هاوسەرگیری زوو/ زۆرەملێ، دەستدرێژی سێکسی، گێچەڵ و هتد) | توندوتیژی جەستەیی (شەڕی ناوخۆ، خراپ بەکارهێنانی چەک، کاری زۆرەملێ، چەتەکانی سەرشەقام و هتد) | توندوتیژی دارایی (نەبوونی تەرخانکردنی سەرچاوە، ڕێگە نادرێت بە دامەزراندن و دەستبەسەرداگرتنی مووچە و هتد) | توندوتیژی دەروونی (فەرامۆشکردن، توندوتیژی زارەکی و سۆزداری) | گێچەڵی ئەلیکترۆنی |

١٣. ئایا کۆمەڵگەکەت ڕێگە دەدات بە ژن و پیاو بۆ گەیشتن بە سەرچاوە بژێوییەکان و یەکسانی خزمەتگوزارییەکان؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

١٤. گەورەترین مەترسیەکان چیە کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگای ئێوەدا لە کاتی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بژێوییەکی بەردەوام؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆچکردنی نایاسایی | نەبوونی متمانە و ڕێز | توندوتیژی ڕەگەزی/جەندەری | جیاکاری | بێکاری | نەبوونی سەربەخۆیی | توندوتیژی چەک و چەکداری | هاوسەرگیری زوو/ زۆرەملێ | مەترسی نەخۆشیە دەروونیەکان | ماددەی هۆشبەر |

١٥. گەورەترین مەترسیەکان چیە کە پیاوان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کۆمەڵگای ئێوەدا لە کاتی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بژێوییەکی بەردەوام؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆچکردنی نایاسایی | نەبوونی متمانە و ڕێز | توندوتیژی ڕەگەزی/جەندەری | جیاکاری | بێکاری | نەبوونی سەربەخۆیی | توندوتیژی چەک و چەکداری | هاوسەرگیری زوو/ زۆرەملێ | مەترسی نەخۆشیە دەروونیەکان | ماددەی هۆشبەر |

١٦.ئایا دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ هەردووک ژن و پیاو و چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی بەردەستە؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

١٧. ئایا بونی خێڵ و عەشایەریەکان کاریگەریان لەسەر ئەو بڕیارە سیاسیانە هەیە کە لەلایەن بەرپرس و سیاسەت مەندارەکان دەدرێن لە کۆمەڵگەکەتدا؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

١٨. کێ بڕیاردەری سەرەکیە لە زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵگەکەت؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەوانی تر: (تکایە دیاری بکە) | هەر ئەندامێک بڕیاردەری خۆیەتی | سەرۆک هۆزەکان/عەشیرەت | دایک | باوک |

١٩.چ ڕێژەیەک لە سەرکردایەتی و پلە باڵاکان لە لایەن ژنانەوە لە کۆمەڵگەکەتدا نوێنەرایەتی دەکرێن؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 0% | 25% | 50% | 75% | 100% |

٢٠. ئایا ژنان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا کاریگەری ئەرێنی لەسەر یەکسانی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا هەیە؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بە هیچ شێوەیەک | زۆر کەم | تا ڕادەیەک | زۆر جار | هەموو کاتێک |

٢١. ئایا تا ئێستا ڕووبەڕووی کۆسپ و بەربەستی بوویتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکانت؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | نەخێر |

٢٢. ئەگەر بەڵێ، چ جۆرە بەربەستێک؟

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەربەستی تەندروستی | بەربەستی ڕەگەزی/ڕەگەزی | بەربەستی پیشەیی | بەربەستی ئایینی | بەربەستی سیاسی | بەربەستی کەلتووری |

٢٣. چی دەبێتە هۆی دوودڵی و ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ململانێی سیاسی | ململانێی عەشایەری/ خێڵەکی | زۆربوونی ڕێژەی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان | زۆربوونی ڕێژەی تاوان | نەبوونی هەلی بڕیاردان | زۆری خاوەندارێتی چەک | بێکاری | توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف |

٢٤. ئایا هیچ بەرنامە و چالاکی هەیە بۆ ئەوەی بەشداری بکەیت، لە کۆمەڵگەکەتدا؟

| | | |
|---|---|---|
| بەڵێ | تا ڕادەیەک | نەخێر |

٢٥. ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە بەشداری کردنت لەم جۆرە چالاکیانە سنووردار بکات؟

| | | |
|---|---|---|
| بەڵێ | تا ڕادەیەک | نەخێر |

٢٦. بەربەستەکان چین؟

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەربەستی کۆمەڵایەتی | بەربەستی سیاسی | بەربەرسی ئایینی | بەربەستی خێزانی | بەربەرستی ڕەگەزی/ ڕەگەزی | بەربەستی دارایی |

٢٧.چی خەڵک لە کۆمەڵگەکەتدا زیاتر دابەش دەکات؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ململانێی سیاسی | ململانێی عەشایەری/ خێڵەکی | زۆربوونی ڕێژەی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان | زۆربوونی ڕێژەی تاوان | کۆچکردنی نایاسایی | زۆری خاوەندارێتی چەک | بێکاری | توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف | جیاوازی نەتەوایەتی | پەیوەندیە سیاسیەکان |

٢٨. چی زیاتر خەڵک لە کۆمەڵگەکەتدا بە یەکتر دەبەستێتەوە؟ تکایە ئەمەی خوارەوە هەڵبژێرە لە باوترین بۆ کەمترین باو.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرکردایەتی مێینە | سیاسەت | هاوسەرگیری نێوان نەتەوەکان | خواردن و مۆسیقا هاوبەشەکان | ئایین | زاراوە ناوخۆییەکان |

زۆر سوپاس بۆ وەڵامەکانت کاتێکی خۆش.